ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
دەورەی تازە
# ئۆکتۆبەر
98
10 ی کانونی یەکەم / دیسێمبەری 2024



# داهاتووی سوریا بەرەو کوێ!



موحسین کەریم

دوای تەنها ١٠ رۆژ لە دەستپێکردنەوەی هێرشە چەکداریەکانی گروپە ئیسلامیە چەکدارەکانی سوریا، شاربەدوای شار، بەبێ بەرگریەکی ئەوتۆ لەلایەن سوپای سوریاو هێزە چەکداریەکانی بەشار ئەسەدەوە، سەرەنجام دەسەلاتی ئەسەد کەوت و بەشار ئەسەد بەنهێنی سوریای بەجێهێشت بەرەو روسیاو لەلایەن پۆتینەوە مافی پەنابەری پێدرا. بەوجۆرە دیمەشق کەوتە دەستی هێزەکانی "دەستەی رزگاری شام- هیئە تحریر الشام"!

رۆژێک پێش کەوتنی رژێمەکەی ئەسەد لەرۆژی ٨ ی دێسەمبەردا، لە "دۆحە"، کۆبونەوەی نێوان روسیا و تورکیاو ئێران ئەنجام درا. ئەگەرچی نهێنیەکانی ناو ئەو کۆبونەوەیە ئاشکرا نەکراوە، بەلام رووداوەکانی دوایی بەڕووی ئەوە دەردەخات کە لەو کۆبونەوەیەدا رێکەوتن لەسەر ئەوە کراوە کە بەشار ئەسەد سوریا جێبهێلێت و لەلایەن ڕوسیاوە مافی پەنابەری پێبدرێت، بەرامبەر بە بەلێنی تورکیا بە فەرمانکردن بە گروپە ئیسلامیەکانی ( دەستەی رزگاری شام) و ( سوپای نیشتمانی سوری) کە سەر بە تورکیان یان لەلایەن تورکیاوە هاوکاری و پشتیوانی سەربازی و لۆجستیکی دەکرێن، بەرامبەر بە پاراستنی هەردوو بنکەی سەربازی ڕوسیا لە سوریا، لەگەل هێشتنەوەی پەیکەری دەسەلاتی پێشوو و دەستنەبردن بۆ دەزگاو دامەزراوەکانی دەولەت و پێکەوەکارکردن لەگەل دەستەی رزگاری شام و

بۆ لاپەڕە ٢



# کۆتایی ئەسەد و ئاکامەکانی!

عوسمانی حاجی مارف

بۆ لاپەڕە ٣

* بەیاننامەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان دەربارەی شەڕو بارگرژیەکانی سوریا!......بۆ لاپەڕە ٥

* هەڕەشەکانی ئیسرائیل بۆ سەر عێراق و دووڕوویی ناسیۆنالیزمی کورد!.....بۆ لاپەڕە ٧

* ئۆجەلان لەبەردەم بانگەشەی ئاشتیخوازی ئەردۆگاندا! عوسمانی حاجی مارف....بۆ لاپەڕە ٨



# جیهانێک لە دژی مێ!

جەمال موحسین

بۆ لاپەڕە ١٠



# کێشەی کوردستانی سوریا لەناو کێشەیەکی گەورەتردا؟

نوری بەشیر

بۆ لاپەڕە ١٢

# مەنسوری حیکمەت؛ سەبارەت بە دیموکراسی

بۆ دوالاپەڕە

**ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری!**

# درێژەی......داهاتووی سوریا بەرەو کوێ !؟

باقی گروپە ئیسلامیەکانی نزیکی تورکیا لە قۆناغی "گواستنەوە"دا! کۆبونەوەی نێوان سەرۆک وەزیرانی رژێمەکەی ئەسەد ( محمد جەلالی) و سەرۆکی هەیئەی رزگاریی شام ( احمد شەرع- ناسراو بە محمد جولانی) ئەم رێکەوتنە پشتراست دەکاتەوە. بەڵام دەربارەی دەورونەخشی ئێران لە سوریای تازەدا، ئێران بەناچاری ئەوەی قبولکردوە کە ئەو نەخشەی جارانی نابێت لە سوریادا، دوای ئەو زەبرانەی بەر لقوباڵەکانی لە لوبنان و سوریا کەوت!

لەلایەکی دیکەوە، ئەگەرچی ئەمریکاو ئیسرائیل لەو کۆبوونەوەیەدا ئامادە نەبوون کە چارەنوسی رژێمی ئەسەدی یەکلاکردەوە، بەڵام شکستی دەسەلاتی ئەسەد، راستەوخۆ لەبەرژەوەندی ئەوانیش دەشکێتەوە. لەکاتێکدا تورکیا بەهۆی دەوری گروپە ئیسلامیەکانەوە کە کۆنترۆلی سوریایان کردوە، دەورێکی کاریگەری دەبێت لەئێستا و داهاتوی سیاسی سوریادا، وەکو هێزێکی ناوچەیی جێگەی ئێران لە سوریا دەگرێتەوە، بەڵام لاوازبوون و بێکاریگەربوونی نەخشی سیاسی و سەربازی ئێران و حزبوڵلای لوبنانی لە سوریادا، کۆمەک بەجێبەجێبوونی بەرژەوەندیە سیاسی- سەربازی و ئەمنیەکانی ئەمریکاو ئیسرائیل دەکات. لاوازکردنی نەخشی ئێران لە فەلەستین، لوبنان و ئێستاش سوریا، بەشێکە لە عەمەلیبوونەوەی ستراتیژی ئەمریکاو ئیسرائیل بۆ پەروبالکردنی ئێران لە ناوچەکەدا و لەسەر سنورەکانی ئیسرائیلدا. ئەم پاشەکشەیەی ئێران هاوکێشە سیاسی- سەربازی- ئەمنیەکانی ناوچەکە رووبەرووی گۆرانکاری دەکاتەوە.

تورکیا لەرێگای ئەو هێزە ئیسلامیانەوە، بێجگە لەوەی نەخشی گرنگی دەبێت لە پێکهاتەی دەسەلاتی داهاتووی سوریادا، هاوکات بەسوودوەرگرتن لە هەمان ئەو دەرفەتەی هاتۆتەپێش و لەو هێزە ئیسلامیانەی سەر بەخۆی ، بەتایبەتی "سوپای نیشتمانی سوری"، هەوڵی ئەو دەدات فشارەکانی بۆسەر هێزەکانی هەسەدە و یەپەگە زیاتر بکات و ناوچەکانی ژێردەسەلاتیان کۆنترۆڵ بکات. شەرو هێرشەکانی هێزەکانی سەر بەتورکیا دژی هەسەدە و بۆردومانەکانی تورکیا دژی ناوچەکانی ژێردەسەلاتی هەسەدە، لەیەکەم رۆژەکانی روخانی دەسەلاتی ئەسەدەوە، ئەو راستیە بەروونی نمایش دەکات. هەروەک هەوڵ دەدات فشارەکانی لەسەر ئەمریکاش زیاتر بکات بۆ دەستبەرداربوون لە هەسەدە! ئەمەش ئەگەرێکی دوور نیە، بەتایبەتی کە هەر ئێستا ئەمریکا بەشوێن پەیداکردنی هاوپەیمانی تازە و پەیوەندگرتن لەگەڵ "دەستەی رزگاری شام دا"، سەرقاڵی ئەوەیە کە ئەم رێکخراوە لەلیستی تیرۆر دەربهێنێت و سەرۆکەکەی، واتە احمد شەرع( محمد جولانی)، کە ١٠ ملیۆن دۆلاری بۆ دەستگیرکردنی تەرخانکردبوو، وەکو نوێنەری "شۆرشی سوریا" بناسێت! ئیسرائیلیش، وەکو ئەوەی کە لە بەرەیەکی جەنگدا سەرکەوتبێت و بیەوێ تا دوا سەنگەرەکانی پاشەکشە بە دوژمنەکەی بکات، تەنها لەماوەی دوو رۆژدا نزیکەی ٣١٠ هێرشی ئاسمانی کردۆتە سەر بنکە و ناوەندە سەربازیەکانی سوریا کە هیچ سەربازیکی تێدا نیە و وێرانی کردوون، بێجگە لەوەی سوپاکەی تا نزیک بە ٢٥ کیلۆمەتری دیمەشقی پایتەخت پێشرەویکردوە.

بەوجۆرە ئایندەی سیاسی و ئەمنی سوریاو ژیان و گوزەران و ماف و ئازادیەکان و ئاوات و ئومیدە ئینسانیەکانی خەڵکەکەی لەناو ئەم فەوزایەدا دەرواتە پێشەوە کە چەند هێزی جیهانی و ناوچەیی ناکۆک و خاوەن بەرژەوەندی جیاواز لوتیان تیژەندوەو ئامادەن کۆمەڵگای سوریا بەرەو وێرانی زیاتر و شەری ناوخۆ رابکێشن، ئەگەر لەسەر دابەشکردنی بەشی خۆیان لە جەستەی هەنجنەنجکراوی کۆمەڵگاو جوگرافیای سیاسی سوریا رێکنەکەون! دۆخەکە لەداهاتوودا لەنێوان بەرژەوەندی ئەو لایەنە جیاوازە ناوچەیی و جیهانیانەدا هاتوچۆدەکات! سەرباری ئەوە، ئەو هێزانەشی کە بەناوی ئۆپۆزیسیۆنەوە دەسەلاتیان لە ئەسەد وەرگرتۆتەوە، لە ئەسەد کۆنەپەرستترن و لەسەر دابەشکردنی دەسەلات و بەشی خۆیان لە سامانی سوریا بێگومان ئەکەونە ململانێ و شەرەوە. بۆیە ئەگەری تێکچوونی زیاتری دۆخی سیاسی و ئەمنی سوریا و ژیانی خەڵکەکەی ئەگەرێکی دوور نیە.

هەڵبەتە دڵخۆشی خەلکی سوریا بە رۆشتنی ئەسەد و کۆتایی رژێمە خوێنرێژەکەی، بە ئازادبوونی زیندانیە سیاسیەکان، بە هەستکردن بە ئازادی و نەمانی ترس و سەرکوت و داپڵۆسینی شەبیحەو دەزگا ئەمنیەکانی بەشار ئەسەد و..تاد مایەی دڵخۆشییە، بەڵام بەداخەوە کەوتنی ئەسەد ئاکامی شۆرشی خەڵکی سوریا نەبووە، ئاکامی ئامادەیی سیاسی و رێکخراوەیی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش و ئازادیخوازی سوریا و کارو کردەوەی شۆرشگێرانەی ئەوان نەبووە، بەڵکو ئاکامی هێرشی دەولەتانی کۆنەپەرستی جیهانی و ناوچەیی و هێزە ئیسلامیە کۆنەپەرستەکانی هاوپەیمان و خزمەتکاری ئەوان و بەندوبەستی نیوانیان بووە. بۆیە دوور نیە کە هەموو خۆشیەکانی ئێستای خەڵک بگۆرێت بۆ ناخۆشی و مەینەتی زیاتر!

★

# کۆتایی ئەسەد و ئاکامەکانی!

عوسمانی حاجی مارف

هەرچەندە هێرشەکانی ئیسرائیل بۆ سەر غەززە و باشوری لوبنان لەماوەی زیاتر لە ٤٢٠ ڕۆژدا سەرنجی تەواوی جیهان و میدیاکانی بەلای خۆیدا ڕاکێشابوو، بەڵام ڕوداوەکانی ئەم دواییەی حەڵەب و ڕاگەیاندنی ئۆپۆزسیۆنی چەکداری سوریا لە کۆنترۆڵکردنی چەند ناوچەیەک لە باکووری سوریا، توانی ببێتە هەواڵی تەواوی میدیاکان و مانشێتی ڕۆژنامەکان.

ڕۆژی شەممە ٣٠/١١، نیشاندانی شکستێکی گەورەی هێزەکانی ڕژێمی سوریابوو لە باکووری ڕۆژئاوای سوریا، کە لەلایەن هەیئەی تەحریری شام بەرێوەبراو توانیان دەست بەسەر شاری حەڵەبدا بگرن و دواتر چونە ناو شارەکانی حەماو حومصەوە، لە درێژەدان بەم هێرشانەدا، لەئاکامدا کۆتایی ڕژێمی حکومەتی ئەسەد لە شاری دیمەشق ڕاگەیەندرا.

هەرچەندە لەسەرەتادا لە زاری هێزەکانی ڕژێمی سوریا ئەوە بلاو کرایەوە، کە ڕژێم بەڵێنی هاوکاری سەربازی زیاتری ڕووسیای وەرگرتووە بۆ یارمەتیدانی هێزەکانی سوریا، لەهەمانکاتدا پێشبینی ئەوەیان دەکرد لەماوەی ٧٢ کاتژمێردا کەرەستەی سەربازی نوێی ڕوسیا بەدەستیان بگات، بەڵام لە مبارەیەوە ڕوسیا هیچ هەنگاوێکی نەنا.

ئەو هێرشەی (هەیئەی تەحریر شام) دەستپێیکرد بۆ سەر شاری حەڵەب و شارەکانی تر، لە هەمانکاتدا تورەیی و نارەزایەتی جەماوەری سوریا لە ڕژێم، نەک تەنها کۆتایی بە ڕژێمی ئەسەد هێنا، بەڵکو نەخشەیەکی سیاسی نوێ لەسەر سنورەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئیسرائیل دەکێشێت. ئەوەی شایانی باسە ڕووسیا و ئێران لەم دۆخی جەنجاڵیەی ناوخۆی سوریادا نەیانتوانی هێزەکانیان لە سوریا جێگیر بکەن و ئەسەد بپارێزن.

ئەو گروپە نوێیەی کە لە کۆمەڵێک هێزی ئۆپۆزسیۆنی میلیشیای بەرفراوان پێکهاتووە، لە کوتلە ئیسلامیەکانەوە تا دەگاتە میانڕەوەکان، هێرشەکەیان بۆ سەر حەڵەب و شارەکانی تر ئەنجامداوە، کە لە لەلایەن (هەیئەی تەحریری شام)ەوە سەرکردایەتی دەکرێن، یەکێکە لە ڕێکخراوەکانی قاعیدەیە لە سوریا، کە پێشتر بە (بەرەی نوسرە) ناسرابوو، ئەو گروپانەی کەبەشداریان لەم هێرشەدا کردووە بەشێکیان لەلایەن تورکیا و بەشێکی دیکەشیان لەلایەن ئەمریکاوە پاڵپشتی دەکرێن، بەتایبەتی هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنی سوریا کە لەلایەن تورکیاوە پاڵپشتی دەکرێن بە شێوەیەکی بەرچاو لەم شەڕەدا .کاریگەریان هەیە تورکیا بە هەماهەنگی لەگەڵ قەتەر، هاوپەیمانیەکیان پێکهێناوە بۆ دابەزینی ئاستی پێگەی ئێران لە سوریا.

لەم نێوەدا تورکیا تۆمەتبار دەکرێت بەوەی پەنای بۆ کۆکردنەوەی کوتلە چەکدارەکان بردووە لە ناوچەکانی نفوزی خۆیدا، بۆئەوەی لەلایەک کۆنترۆڵی سوریا بکەن و گورزێک لە پێگەی ئێران لە ناوچەکەدا بدەن، لەلایەکی ترەوە، ناوچەی نفوزی هێزە کوردیەکان کۆتایی پێبهێنێت یا لاوازبکرێن. لەهەمانکاتدا ئێران لە هەوڵی ئەوەدا بوو دوای شەڕی لوبنان، ئامادەیی خۆی لە سوریا بپارێزێت، بەڵام تورکیا نەک تەنها لە سوریا، بەڵکو لە تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەیەوێ پێگەی ئێران لاوازو کەم کاریگەر بکات.

ئەو لایەنانەی کە پشتیوانی ئەسەدیان دەکرد ، وەک ڕووسیا و ئێران، لەئێستادا سەرقاڵی کێشەی دیکەن، ئەویش بۆ ڕوسیا شەڕی ئۆکرانیایە، بۆ ئێرانیش دۆخی لوبنانە کە حزبوڵای لوبنان وەک هێزێکی سەر بەئێران دوای ئەو هێرشە چڕانەی ئیسرائیل بۆ سەر باشوری لوبنان بەجۆرێک لاواز بووە کە نەیدەتوانی پشتگیری لە ئەسەد بکات.

هەڵبەتە تورکیا و (هەیئەی تەحریری شام) ، هاوکاتی هێرشەکانی ئیسرائیل بۆسەر غەززەو لوبنان و لێدانی گورزی گەورە لە حەماس و حزبولڵا، هەستیان بەجۆرێک لە لاوازی هێزەکانی حکومەتی ئەسەدیان کردبو، بۆیە دەرفەتێکیان دیوەتەوە بۆ لێدانی هێزەکانی حکومەتی سوریا، لەکاتێکدا وایدەچێت ئەم هێرشانەی (هەیئەی تەحریری شام)، لە حساباتی ڕوسیا و ئێراندا نەبوبێت.!

هێرشی کوتوپڕو بەلێشاوی زۆری گروپە چەکدارەکان بۆ ناوچەی شەڕ لە باکووری ڕۆژئاوای سوریا، هێز و میلیشیاکانی ئێران لە باشووری حەڵەب سەرسامکرد، لەهەمانکاتدا کۆبونەوەی سەربازی عێراق لەسەر سنوورەکان وەها نیشان ئەدات، دۆخەکە لەژێر کۆنترۆڵ دەرچووەو مەترسی بۆ سەر ناوچەکە پێکهێناوە، هەرچەندە حەڵەب زۆر دورە لە سنوری عێراقەوە، بەڵام حەشدی شەعبی بەدەوری ئێران و بە بیانوی بەرگریکردن لە عێراق خەریکە تیوە دەگلێت.

هەڵبەتە ناردنی هێزەکانی حەشدی شەعبی لەلایەن عێراقەوە، دەبێتە هۆی کردنەوەی بەرەیەکی تر لەبەرامبەر ئیسرائیلدا، خەریکە ڕاستەوخۆ حەشدی شەعبیش دەکەوێتە ناو ئاگرەکەوە، ڕەنگە ئێران ئەمەی بە هەڵێک زانیبێت بۆ

هەوڵی قەرەبوکردنەوەی ئەو زیانانەی بەر حزبوڵڵا کەوتووە، بەناوی پاراستنی ئەسەد، جوڵەی بە حەشدی شەعبی کردوە، بەڵام کەوتنی ڕژێمی سوریا، ئەو ئومێدەی ئێرانی بردە دواوە. چی دەتوانێ بە حەشدی شەعبی بکات، نادیارە!.

لەلایەکی ترەوە دەسەڵاتی ئەسەد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا قەڵایەکی گرنگ بو پارێزگاری لە پێگە و نفوزی ئێران، بەتایبەتی لەبەرامبەر دەوری تورکیا لە ناوچەکەدا. لەهەمانکاتدا تورکیاش بەردەوام لە هەوڵی کێبرکێی لاوازکردنی ئێراندایە، بۆیە ئێران تا دوا هەناسە بەوجۆرەی بۆی لوابێت، وازی لە سوریا و ئەسەد نەدەهێنا. ئێستا ئێران لەبەرامبەر دۆخێکی تازەدا بەرەو ڕووە.!

هەروەها ئێران بەشێوەیەکی دیپلۆماسی هەنگاوی دەنا بۆ ڕاگرتن و ڕێگریکردن لە کۆنترۆڵکردنی ئەو شوێنانەی کە ئۆپۆزسیۆنی چەکداری سوریا دوای حەڵەب دەستیان بەسەردا دەگرت، بەتایبەتی کە هێزەکانی حکومەتی سوریا پاشەکشەیان کردوەو نەیانتوانیوە بەرگری بکەن، یان چاوەڕێی هێرشی بەرپەرچدانەوەی ڕۆڵێکی کاریگەر لە ڕوسیایان دەکرد، بەڵام وەڵامدانەوەی ئەو هەنگاوە دیپلۆماسیانەی ئێران سنووردار بوون و جێگایەکی نەگرت.

لەبەرامبەر بارگرژی دۆخەکەو ململانێی زلهێزەکان و ڕۆڵی تورکیادا، کۆماری ئیسلامی زیاتر بەو باوەڕە گەیاندووە کە شەڕی سوریا و کۆتایی ئەسەد زیاتر ئامانجی گەمارۆدانی نفوزی ئێرانە، بۆیە ئێران تەنیا لایەن بوو بەرژەوەندی لە مانەوەی ئەسەددا هەبوو.

کۆماری ئیسلامی و ئەسەد، زیاتر چاوەڕوانی ڕۆڵی کاریگەری ڕووسیایان دەکرد لە پوچەڵکردنەوەی هێرشەکانی ئۆپۆزسیۆندا، بەوپێیەی ئێران دوای هێرشە چۆنایەتیەکانی ئیسرائیل کە دیارترین کادیرانی سوپای پاسدارانیان کردە ئامانج، یان دوای لێدانەکانی ئیسرائیل کە کەسایەتیەکانی حەماس و حزبوڵڵای تیرۆر کرد ، ئێران ئامادەیی سەربازی کاریگەرانەی لە سوریادا نەما. هەروەها بۆ تاران زەحمەت بووە کە دەخالەتی ڕاستەوخۆبکات و ناشتوانێت بەئاسانی هێزەکانی حەشدی شەعبی کێش بکات بۆ ناو سوریا، لە ژێر ڕۆشنایی ئەو ڕوناکیەی کە لە هەموو ئاراستەکانەوە لەلایەن ئیسرائیلەوە سەرنجی لەسەرە، ئەگەری ئەوە زۆرە کە ئیسرائیل هەر جوڵەیەک لەسەر فەرمانی ئێران بکرێت، لێی ئەدات.

بەڵام ئەوەی دیمان ڕوسیا بێدەنگ بوو، لەهەمانکاتدا ڕێگەی بە ئۆپۆزسیۆنە چەکدارەکان نەگرت، لەو ناوچانەی بڵاوبوبونەوە، بۆیە ساردی ڕووسیا تەنیا بە قەتیس بوون لە ئۆکرانیا ڕوون ناکرێتەوە. واپێدەچێت ڕوسیا لەنێو ململانێ جیهانیەکاندا مامەڵەیەکی تایبەتی کردبێت لە نێوان دەستکەوتێک لە ئۆکرانیا و پاشەکشەیەک لە سوریا.

دوای ئەوەی کونسوڵخانەکەی ئێران لە حەڵەب کرایە ئامانج، تورەیی ئێران بەرامبەر بەو شتانەی کە لە دژی بەرژەوەندیەکانی لە سوریا ڕوودەدەن، زیاتر بوو. ئیسماعیل باغایی وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئێران بەتوندی ئیدانەی ئەو هێرشەی کرد کە لەلایەن کوتلە چەکدارەکانەوە بۆ سەر کونسوڵخانە دەستی پێکرد، باغایی جەختیشی لەوە کردەوە، ئێران بە جددی لە ڕێگەی یاسایی و نێودەوڵەتیەوە بەدوادا چون بۆ ئەم هێرشە دەکات!

ئەوەی ئێرانی نیگەران کردووە، ئەوەیە کە ڕووسیا فشارێکی بەرچاوی نەخستە سەر تورکیا بۆئەوەی ناچاری بکات و داوا بکات ئۆپۆزسیۆنە چەکدارەکان هێرشە بەرفراوانەکەی ڕابگرێت، ئەمەش وا دەردەکەوێت کە مۆسکۆ خەمی نییە لەوەی کە ڕوودەدات. لە پەیوەندیەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ هاکان فیدان وەزیری دەرەوەی تورکیا، سێرگی لاڤرۆڤ، وەزیری دەرەوەی ڕووسیا بە زاراوەی گشتی و فراوان ڕازی بوو کە ناڕەحەتی ڕووسیای نیشان نەدا دەربارەی ئەوەی ڕوودەدات.

وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیا ئاماژەی بەوەدا کە لاڤرۆڤ و فیدان ”نیگەرانی قووڵی خۆیان دەربڕیوە سەبارەت بە پەرەسەندنی مەترسیداری دۆخی سوریا سەبارەت بە پەرەسەندنی هێرشی سەربازی بۆسەر پارێزگاکانی حەلەب و ئیدلب."

بەگوێرەی ڕاگەیەندراوەکە، هەردوولا جەختیان لەسەر پێویستی هەماهەنگی هاوبەش و گرتنەبەری ڕێوشوێن بۆ گەیشتن بە سەقامگیری لە ناوچەکەدا کردووەتەوە، لەچوارچێوەی "فۆرمۆلەی ئاستانەدا" نەک ئەوەی چارەنوسی ئەسەد چی بەسەر دێت.

هەرچەندە سوپای سوریا لە بەیاننامەیەکدا پێش کەوتنی دیمەشق ئاماژەیان بەوەکردووە، ئامادەکاری دەکەن بۆ دەستپێکردنی هێرشی پێچەوانە بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی شارەکان، لەهەمانکاتدا دوو سەرچاوەی سەربازی ئاماژەیان بەوەکردووە کە ڕووسیا بەڵێنی هاوکاری سەربازی زیاتری بە دیمەشق داوە بۆ ڕووبەڕووبونەوەی چەکدارەکان لە ماوەی 72 کاتژمێردا، بەڵام کۆتایی دەسەڵاتی ئەسەد، فەرامۆشی ڕوسیای بەرامبەر بە چارەنوسی سوریا نیشاندا.

گەر هێرشەکانی هەیئەی تەحریری شام بۆسەر شارەکان و دواتر کۆتایی دەسەڵاتی ئەسەد دۆخێکی تازەی پێکدادان و بارگرژی و ناسەقامگیری زیاتری هێناوەتە ئاراوە بۆ سوریاو ناوچەکە، ئەوە ڕۆشنە لەپەیوەند بە ناکۆکی و کێشمەکێشی وڵاتانی زلهێزی دنیاو کاریگەریان لەسەر ناوچەکە،

ناتوانرێت کۆتایی ئەم دۆخە و کارەساتەکانی دیاری بکرێت، هەر لایەنێک لە ڕوانگەی بەرژەوەندیەکانی و فروانکردنەوەی نفوزو پێگەی سیاسی خۆیەوە مامەڵەی دۆخەکە دەکات، بەتایبەتی ئیسرائیل بەجۆرێکی تر لەپێناو بەرژەوەندیەکانیدا هێرشەکانی بۆ سەر ناوچەکە درێژە پێئەدات. کۆتایی ئەسەد پتەوبوونی پێگەی ئیسرائیل لە ناوچەکەدا مسۆگەرتر دەکات. لەهەمانکاتدا فراوانبونەوەی ناڵەباریی زیاتری دۆخەکەو مەترسیەکانی لە ئاستی ناوچەکەدا سنورێکی دیاریکراوی نیە، شەری ناوخۆ ئەگەرێکی نزیکە لە واقعیەتی دوای چۆنیەتی کۆتاییهێنانی دەسەلاتی ئەسەد و بلاوبونەوەو دەوری هێزی میلیشیایی و تائفیەکان لە شارەکاندا.

هەڵبەتە ئەم دۆخە بێکاریگەر نابێت لەسەر عێراق، هەربۆیە چوارچێوەی هەماهەنگی دەسەڵاتدار لە عێراقدا کە هێز و کوتلە هاوپەیمانەکانی ئێران لەخۆدەگرێت، ڕایانگەیاند: "ئەوەی لە سوریا ڕوودەدات داگیرکاریە لەلایەن تیرۆریستانەوە"، هەروەها دەڵێن: "ئاسایشی سوریا درێژکراوەی ئاسایشی عێراقە"، چونکە دەسەڵاتی سیاسی لە عێراقدا لە بازنە بەرژەوەندیەکانی ئێراندایە.

بەجیا لە ململانێی جەمسەرە ئیمپریالیەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و خوڵقاندنی دۆخێکی بەردەوامی ناجێگیری سیاسی و شەری گروپی تائیفی، لەهەمانکاتدا بلاوبونەوەی چەندین گروپ و هێزی میلیشیای ئیسلامی و تائیفی لە ناوچەکەدا، مایەی دروستکردنی گەورەترین ماڵوێرانی و تراژیدیای مرۆییە کە هەر وەرزە پەردەی کارەساتێک لادەدات و ئاکامەکەی دانیشتوانی ناوچەکە دەکاتە قوربانی.

★

# بەیاننامەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان دەربارەی شەڕو بارگرژیەکانی سوریا!

لەچەند ڕۆژی ڕابردوودا میلیشیا ئیسلامیەکانی "بەرەی ڕزگاری شام" و "سوپای نیشتمانی سوری"، لە پارێزگای ئیدلیب، هێرشێکی فراوان وکتوپریان دەست پێکردو ناوچەیەکی فراوانیان لە باکوری ڕۆژئاوای سوریا، خستەژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە، ئێستاش بەرەو ناوەراستی سوریا و دیمەشقی پایتەخت لەپێشرەویدان. بەمەش ئاگری جەولەیەکی تری شەرو ماڵویرانی، کوشتن وئاوارەیی بەکۆمەڵ، ڕووبەڕوی خەڵکی سوریا کراوەتەوە. لەماوەی شەری ناوخۆی سوریادا لە ساڵی ٢٠١١ ەوە تا ساڵی ٢٠٢٠ کە ئاگربەستی " ناوچەکانی کەمکردنەوەی بارگرژی" دامەزرا، بەپێی خەمڵاندنی نەتەوە یەکگرتوەکان نزیکەی ٦٠٠ هەزار کەس کوژراون، کە نیوەی ئەو ژمارەیە هاوڵاتی مەدەنی و ژن ومناڵن. هەروەها زیاتر لە ٦ ملیۆن کەس لەناوخۆی سوریادا ئاوارەبوون و چەند ملیۆنی دیکەش ئاوارەی وولاتانی دەوروبەرو ئەوروپا بوون. دەستپێکردنەوەی شەری بەرواڵەتی نێوان گروپە ئیسلامیەکان و ڕژێمی ئەسەد، سەرباری بەگەڕخستنەوەی ماشێنی کوشتاری بەکۆمەڵ و کاولکاری وسەپاندنی ئاوارەیی وهەلایسانی مەترسی فراوانبونەوەی جەنگێکی ناوچەیی، ژیان وچارەنوسی خەڵکی سوریا بۆ نێو تونێلێکی تاریک و پڕ لەکارەسات ڕاپێچ داوەتەوە.

بەڵام بەپێچەوانەی میدیای بۆرژوازی جیهانی و دەوڵەتانی ناوچەکەوە، کە لەژێر پەردەی بێلایەنیدا خەریکن وا نیشان بدەن دۆخی ئێستای سوریا و هێرشی گروپە ئیسلامیەکان "کێشەیەکی ناوخۆی نێوان ڕژێمی ئەسەدو لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکانیەتی"، لەبنەرەتەوە ئەم هێرش و ڕووداوانە لەدرێژەی کێشمەکێش و ڕیکەوتن و دەستێوەردانە سیاسی و سەربازیەکان و ئەو گۆرانکاریانەدایە کە لە هێزهاوسەنگی نێوان جەمسەر و دەوڵەتانی جیهانی و ناوچەییەکاندا هاتوتەئاراوە لەپەیوەند بەپێشهاتە تازەکانی جەنگی ڕوسیا لەئۆکرانیا و ئیسرائیل لەغەززەو لوبناندا. ئامانجیش لێی ڕێکخستنەوەی هاوکێشە سیاسی و ئەمنیەکان و جێخستنی ناوچەی نفوزو بەرژەوەندیەکانیانە لە"ڕۆژهەلاتێکی ناوەڕاستی تازە"دا. بەدیاریکراویش ئەم هێرشەی گروپە ئیسلامیەکانی سەر بەتورکیا لەکاتێکدا ڕوودەدات کە زەبرە سەربازیەکانی ئیسرائیل لە حەماس وحزبوڵڵە و"بەرەی مقاوەمەت" و ویرانکردنی بەشێک لە توانا سەربازیەکانی ئێران لە سوریا، کە دەورێکی گرنگیان هەبوو لە پاراستنی ڕژێمی بەشار ئەسەددا، دەرفەتی بۆ ڕەخساندن تا لەچوارچێوەی سیاسەتەکانی حکومەتەکەی ئۆردۆغاندا، دەست بۆ ئەنجامدانی هێرش و پێشرەویکردن بەشێوەیەکی دراماتیکی و خێرابەرن. بەوجۆرە جارێکی دیکە، دوای چەندساڵ لە ئاگربەست و دامەزراندنی "ناوچەکانی کەمکردنەوەی بارگرژیەکان" کە لە ئەستانە ڕێکەوتنی لەسەرکرابوو، خەڵکی سوریایان بەرەو زەلکاوی جەنگێکی سەراپاگیر ڕاپێچ کردووە، کە ڕکابەرە جیهانی و ناوچەییەکان، یاریزانە سەرەکیەکانیەتی. تەنانەت ئەوەی کە تورکیا لەڕێگای هاوکاری میلیشیا ئیسلامیەکانی "بەرەی ڕزگاری شام" و "سوپای نیشتمانی سوری" و ئەوانی ترەوە بەمەبەستی سەپاندنی مەرجەکانی

خۆی لە ئاساییبوونەوەی دۆخی سیاسی و ئەمنی سوریادا، توانیویەتی ئەم هێزە ئینسانکوژ وتیرۆریستانە هەڵخڕێنێ و بەریانداتە گیانی کۆمەڵگا، بەبێ پشتگیری لەپێشینەی ئەمریکاو دەولەتانی رۆژئاوا و رێکەوتن و رازیکردنی روسیا، هەرگیز لەتوانادا نەدەبوو.

لەئیستاشدا هەموو لایەنە دەرگیرەکان لەدۆخی سوریادا، باس لە"رژێم چەینج" و دابەشکردنی سوریا و دەسەلاتی دوای بەشارئەسەد دەکەن، بەوەی کە دەستوری ولات بگۆرن و جیگایەک بۆ گرووپە ئیسلامیەکان بکەنەوەو تەقسیماتێکی کۆنەپەرستانەی قەومی و ئاینی و تیرەگەری، هاوشێوەی عێراق، بەسەرخەڵکی سوریادا داسەپێنن، ئەمەش نەک هەر ماف وئیرادەی سیاسی خەڵکی سوریا بۆ بریاردان لەسەر چارەنوسی خۆیان پێشێل دەکات، بەڵکو رێگاچارە وسیناریۆی رەش وکۆنەپەرستانەی هاوبەشی سەرجەم ئەم هێزانەیە کەخەڵکی سوریا دەکاتە قوربانی. ئەمە ناوەرۆکی ئەو پلانە گلاوەیە کە هێزە ئیمپریالیست و ناوچەییەکان، لەپێشیانەوە ئەمریکاو روسیا و ئیسرائیل و تورکیا لەژێر پەردەی "رۆژهەلاتی ناوەراستی نوێ"دا، بەرامبەر بەخەڵکی سوریا گرتویانەتەبەر.

لەم نیوەشدا ئەوە " بەرەی رزگاری شام" و " سوپای نیشتمانی سوریا" و گرووپە میلیشیا ئیسلامیەکان کە نمونەیەکی تری داعشن، کراونەتە ئامرازی بردنەپێشەوەی ئەم پلان وریگاچارەیەی دەولەتان.

ئەم شەرەی سوریا، تەنها ژیان و ئەمنیەتی خەڵکی مەدەنی سوریا ویران ناکات، بەڵکو ئاگرەکەی بەرەو ناوچەکەو بەتایبەتی بەرەو عێراق دەکشێت. تیوەگلانی هێزە میلیشیاکانی عێراق بۆ هاوکاری رژێمی ئەسەد لە شەرەکەوە، هەوڵەکانی دەوڵەتی فاشیستی تورکیا بۆ بەکارهێنانی بیانوی پەکەکە لە سوریاو عێراق بۆ دەخالەتی سەربازی، دەرفەت پەیداکردنەوەی گرووپە ئیسلامیە تیرۆریستە جۆراوجۆرەکان بەدڵنیاییەوە دۆخی ژیان و ئەمنیەتی خەڵکی ناوچەکەو عێراق بەرەو ئاڵۆزی و کارەسات دەبات.

بێگومان ئێمە کۆمۆنیستەکان و چینی کرێکارو ژنان ولاوانی شۆرشگێر و بەرەی سیکولارو ئازادیخواز چ لەسوریا و چ لەئاست ناوچەکە، کە لە شۆرشەکانی بەهاری عەرەبیەوە، لەدژی دەسەلاتە سەرکوتگەرە دینی و قەومیەکانی بۆرژوازی، چەندینجار خرۆشانی جەماوەری و راپەرینیمان بەرێخستووە، خوازیاری "رۆژهەلاتی ناوەراستێکی تازەین"، رۆژهەلاتێک کە ئیرادەی جەماوەری، ئازادی و یەکسانی و باشبژیوی، بەدەر لەهەر ناسنامەیەکی قەومی و دینی تیا سەروەرربێت. رۆژهەلاتێکی ناوەراست کە خاڵی بێت لە ستەمکاری و دیکتاتۆریەت و جەنگ و ئاوارەیی، لە شەر و قەیرانەکان. بەدڵنیایەوە وەدیهاتنی داهاتوویەکی ئاوا لە شەری گرووپە میلیشیاییە کۆنەپەرستەکان و لەرێگای دەخالەتی سیاسی و سەربازی هێزەجیهانی و ناوچەییەکانەوە بەدی نایەت، بەڵکو ئەمانە خۆیان سەرچاوەی قەیران و کێشەکانی سوریاو ناوچەکەن. بۆیە دەبێ دەخالەتی هەموو ئەم هێزانە چ لە سوریاو چ لەناوچەکە دەستکوتا بکرێ و پلان و سیناریۆکانیان، بەخەباتی هاوبەش و یەکگرتوو و شۆرشگێرانەی جەماوەری بەشکست بکێشرێت. چینی کرێکار و کۆمۆنیزم، بزوتنەوەی ئازادی و یەکسانی و خەباتی جەماوەری زەحمەتکێش لەناوچەکە، ئەو هێزەیە کە دەتوانێ وەلامی کێشە کۆن و نوێکان بداتەوە و ژیانێکی سە قامگیرو ئاشتیەکی پایەدار زامن بکات.

٦/١٢/٢٠٢٤

**بزوتنەوەی نارەزایەتی خەڵکی کرێکارو بێبەشی کوردستان بەبێ رێکخراوبوون و رزگاربوون لە ئاسۆی سیاسی هێزە بۆرژواییەکان بە سەرکەوتن ناگات..رێکخراوبوون و بەهرەمەندبوون لە ئاسۆی سیاسی شۆرشگێرانە گرنگترین چەکی دەستی جەماوەرە بۆ گەیشتن بە ماف و بە ئامانجەکانی!**

**ئۆکتۆبەر**

**ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**

سەرنوسەر : موحسن کەریم

ڤایبەر: 0044(0)7394013135

واتس ئەپ: 0044(0)7394013135

مۆبایل:0044(0)7394013135

Muhsin_km@yahoo.com

ئۆکتوبەر لە فەیسبووک:

October بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەر

**ئۆکتۆبەر بخوێننەوە و بەدەستی دۆستان و ئاشنایانی خۆتانی بگەیەنن!**

سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی :

**عوسمانی حاجی مارف**

مۆبایل:00964(0)7701570050

Email: Osman_maruf@yahoo.com

سەرۆکی مەکتەبی سیاسی: **خەسرەو سایە**

00964(0)7701521043

Email: saya.xasraw@yahoo.co.uk

رێکخراوەی دەرەوە: **دەشتی جەماڵ**

Mob: 0044(0)7856032991

Email: dashtyjamal@gmail.com

بەرپرسی سکرتاریەتی مەکتەبی سیاسی:

**جەماڵ موحسین**

0047(0)47276028

Email:skrtariati.ms@gmail.com

# هەڕەشەکانی ئیسرائیل بۆ سەر عێراق و دووڕوویی ناسیۆنالیزمی کورد!

هەڕەشەکانی ئەم دواییانەی ئیسرائیل بۆ سەر عێراق بەپاساوی گرووپە چەکدارەکانی سەر بە ئێران، یەکێکە لە ئاماژەکانی توندبوونەوەی فەزای جەنگ و میلیاتیرزمێک کە حکومەتە فاشیستەکەی ناتانیاهۆ، بەپشتیوانی ئەمریکا و دەوڵەتانی ڕۆژئاوا، بۆ گەیشتن بەئامانجە سیاسی و سەربازیەکانی، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کۆمەڵگەی عیراقی لەبەردەم ڕاکێشان بۆ ناو شەڕێکی ماڵوێرانکەر داناوە. لێدوانەکانی "ماسیۆ میللەر"، وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، بە چاوپۆشیکردن لە سیاسەتی کاولکاری و شەڕخوازانەی ئیسرائیل و پێداگرتنی لەسەرئەوەی کە "گرووپە چەکدارەکانی عێراق، هۆکاری ئەو جەنگەن کە لە ناوچەکەدا لەگۆڕدایە"، جگە لەوەی ئاماژەیەکی ڕۆشنە بۆ پشتیوانی ئەمریکا لە ئیسرائیل و هەموو ئەو تاوان و کۆمەڵکوژی و کاولکاریەی لەدژی خەڵکی مەدەنی لە فەلەستین و لوبنان و ناوچەکە ئەنجامیداوە، هاوکات دەست ئاوەلاکردنی ئیسرائیلە بۆ بەکردەوەدەرهێنانی هەڕەشەکانی بۆسەر عێراق. ئەمە لەکاتێکدایە کە حکومەتەکەی ناتانیاهۆ بەوێنەی حکومەتێکی فاشیست و کۆمەڵکوژ و دژەئینسانی، تەریک و لاکەوتە کەوتۆتەوە و ڕووبەڕووی نەفرەت و تورەیی ڕای گشتی جیهانی و ناوخۆیی بۆتەوە. خودی هەوڵەکان لەئاستی دونیادا بۆ دادگاییکردنی ناتانیاهۆ و وەزیری پێشوی بەرگری ئیسرائیل، وەک تاوانبارانی جەنگ، بەڵگەیە بۆ ئەم ڕاستیە.

لەبەرامبەر ئەم هەڕەشانەی ئیسرائیلدا، سودانی و حکومەتەکەی، لەنێو گێژاوی ناکۆکیە ناوخۆییەکانی لایەنە شیعەکان و لەئارادابوونی هێزە میلیشیاییەکانی لایەنگر لە ئێران و لەرزۆکی دەسەلاتەکەیدا، کەوتۆتە هەوڵدانێکی سیاسی و دیبلۆماسیەوە، تا هەرچۆنێک بووە هەڕەشەکانی ئیسرایل و مەترسیەکانی بۆ سەر مانەوەی لەدەسەلاتدا تێپەڕێنێ و هاوسەنگیەک لەنێوان ویستی ئیسرائیل و ئەمریکا و ئێران و لایەنە ناکۆکە بەیەکەکانی شیعەکان و دەستەوتاقمی میلیشیاییاندا، پێکبهێنێ. پەنابردن بۆ کۆمکاری عەرەبی و ئیسلامی، ناردنی نامە بۆ ئەنجومەنی ئاسایشی نێونەتەوەیی، پەنابردن بۆ دەوڵەتانی ناوچەکە و ئێران، تا دانوسانە ناوخۆییەکان لەگەڵ هێزە میلیشیایەکان و ئەحزابی دەسەلاتدار لەکوردستان... هەموویان ڕوویان لەم ئامانجەیە.

بێگومان لە ئەگەری هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر عێراق، بێجگە لە تێکچوونی دۆخی سیاسی و ئەمنی، کۆمەڵگەی عێراق بۆ نێو جەنگێکی ماڵوێرانکەر ڕادەکێشێ، کە تەنها خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش، بەتێکچونی بارودۆخی ژیان و کوشتار و ئاوارەیی و ماڵوێرانی و هەڵتەکاندنی بنەما مەدەنیەکان، قوربانیەکەی دەدەن و ئەمەش ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر دۆخی سیاسی و ئەمنی و ئابوری کوردستان و ژیان و گوزەرانی خەڵکەکەی دەبێت. بەلام لەم نێوەدا ئەوە حیزبە ناسیونالیستەکانی کوردستانن و لەپێشیانەوە پارتی و یەکیەتی، لەسەرو هەر پرەنسیپێکی ئینسانیەوە و پێچەوانە لەگەڵ شەپۆلی بزوتنەوەیەکی ئینسانی و شارستانیەتی دونیا کە لەدژی سیاسەتی جەنگخوازانەی ئیسرائیل و هەموو ئەو تاوانانەی کە دەرهەق بەخەڵکی فەلەستین و لوبنان و ناوچەکە، ئەنجامیداوە، پێیناوەتە مەیدانەوە، سیاسەتێکی دووڕوویی و ڕیاکارانە لەبەرامبەر ئەم دۆخە و هەڕەشەکانی ئیسرائیل بۆسەر عێراق نمایش دەکات. ئەمەش لە پێناوی ئەوەدایە تابە ئامانجە قیزەونەکانی خۆی، لەژێر ناوی "مافی نەتەوەیی کورد"دا، بگات.

لە سەردانەکەی سودانیدا بۆ لای حزبەکان و ئەوەی کە دواتر لە ڕاگەیاندنی سەرۆکایەتی هەرێم و میدیاکانی یەکیەتی نیشتمانیدا بلاوکرانەوە، کە گوایە هەڵوێستی خۆیان لە دۆخی ئێستای عێراق ڕاوەستانیانە لەپاڵ سودانی و پشتیوانیکردنیەتی لە هەوڵەکانیدا بۆ خۆلادان لە هەڕەشەکانی ئیسرائیل، جگە لە دووڕوویی و ڕیاکاریەکی سیاسی ناسیونالیزم و حزبەکانی شتێکی تر نییە. ئەم حزبانە کە هیچکات هەڵوێستێکی ڕۆشن و ڕاشکاوانەیان بەرامبەر بە تاوانەکانی حکومەتی ئیسرائیل و ئەو کۆمەڵکوژی و کاولکاریەی دەستی داوەتی، دەرنەبڕیوە، تەنانەت نەک هەر وشەیەکیان لەسەر هەڵوێستی هاوکاریکردن و پشتیوانی بێدرێخی ئەمریکا و دەوڵەتانی ئەوروپا بۆ ناتانیاهۆ و تاوانەکانی دەرنەبڕیوە، بەڵکو ڕۆژانە ئەوان بە دۆست و پشتیوانی خەڵکی کوردستان دەناسێنن. لەکەنار ئەمەشەوە ناسیونالیزمی کورد و حیزبەکانی هەرکاتێک پێویستی کردبێت لەپێناو وەرگرتنی ئیمتیازات بۆ خۆیان و حیزبەکانیان، دەستیان بردووە بۆ دنەدانی نەفرەتی قەومی و پڕوپاگەندەی فاشیستانە و دەمەزەرکردنەوەی نەتەوەپەرستی لەدژی خەڵکی عێراق. ئەوەشی کە ئەمجارە ڕایانگەیاندووە "نامانەوێت عێراق لەجەنگەوە بگلێ" درۆیەکی ئاشکرایە و بۆ ڕازیکردنی سودانی و حکومەتەکەیەتی تا نەرمی لەبەرامبەر کێشە و ناکۆکیەکانی نێوان هەرێم و بەغدا بنوێنێ و فشاری لایەنە شیعەکانیان لەسەر خۆیان کەمبکەنەوە.

لەڕاستیدا، مێژووی ناسیونالیزمی کورد و حزبەکانی، کارنامەیەکی ڕەش و سیاسەتێکی پێچەوانەی بەهەر

پرەنسیپێکی ئینسانی، نمایشکردوە.

ئەوان کە لەڕێگای خۆگریدانەوە بە سیاسەتە جەنگخوازی و کاولکاریەکانی ئەمریکا و دەوڵەتانی هاوپەیمانی ڕۆژئاواوە، لەدژی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشی عێراق گەیشتنە دەسەلآت، ئێستاش ناتوانن و نایانەوێت ڕاشکاوانە لەدژی ئیسرائیل و حکومەتەکەی ناتانیاهۆ، کە هاوپەیمانێکی سەرەکی ئەمریکایە لە ناوچەکەدا، ڕاوەستن و هەڵوێست بگرن. هەربۆیە وەک دۆستێکی ئیسرائیل ژێربەژێر دەمیننەوە. بێگومان ئەم دووروویی و ڕیاکاریە سیاسیەی ناسیونالیزمی کورد، لەو بنەما سیاسیەوە سەرچاوەی گرتووە کە دەڵێت: " بەدەستهێنانی بەرژەوەندیە نەتەوەییەکان لەلاوازکردنی حکومەتی عێراقدایە" تەنانەت ئەگەر بەنرخی کوشتار و کاولکاری و تێکدانی شیرازەی کۆمەڵگەی مەدەنیش مەیسەربێت.

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان ڕادەگەیەنێت، کە خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشی کوردستان و شارەکانی عێراق، یەک بەرژەوەندی و یەک چارەنوسیان هەیە، خەباتی هاوبەش و چینایەتی ئەوان، لەدژی جەنگ و ئینسانکوژی و بەدەستهێنانی ئاشتی پایەدار لەناوچەکەدا، بەشێکە لەو خەبات و نارەزایەتیەی کە بۆ باشبژێوی و بەدەستهێنانی مووچە و دامەزراندن و خزمەتگوزاریەکان، ڕۆژانە یەخەی هەردوو دەسەلآت، چ لەکوردستان و چ لەعێراقدا، دەگرێ. خەڵکی کوردستان نەک هەر هیچ دۆستایەتیەکیان لەگەڵ فاشیستە فەرمانرەواکانی ئیسرائیل و هاوپەیمانانێکی وەک ئەمریکا و دەوڵەتانی ڕۆژئاوادا نییە، بەڵکو ئەوان بە بکوژی منالانی فەلەستین و بەرپرسیار لەو کۆمەڵکوژیە دەزانن کە لە غەزە و لوبنان بەرپاکراوە.

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان حکومەتی ئیسرائیل بە یەکێک لە دڕندەترین و تاوانکارترین حکومەتەکانی مێژووی مرۆڤایەتی دەزانێ و لە خەباتی خۆیدا تێدەکۆشێت تا خەڵکی کوردستان لەکەنار خەڵکی عێراق و بزوتنەوەی جیهانی لەدژی ئیسرائیل و سیاسەتە جەنگخوازیەکانی ڕابوەستێت. ئێمە پێکەوە لەگەڵ کرێکارانی ناوچەکە و خەڵکی موتەمەدینی جیهاندا خوازیاری کۆتاییهێنانین بە داگیرکاری و ئاوارەیی و ئەو کۆمەڵکوژییەی لەدژی خەڵکی فەلەستین لەلایەن ئیسرائیلەوە بەرێخراوە.

خەڵکی نارازی کوردستان نابێ لەدژی هەرەشەکانی ئیسرائیل بۆ سەر عێراق بەدیار سیاسەتە دووروویییەکانی ناسیونالیزمی کورد و حزبەکانیەوە، دانیشن، بەڵکو دەبێ لەپاڵ خەبات بۆ باشکردنی ژیان و گوزەرانیان، بەشێوەی گونجاو مومکینی خۆیان، بە دروشمی "نا بۆ ئیسرائیل، نا بۆ جەنگ و کاولکاری"، و وەک بەشێک لە بزوتنەوەی ئازادیخوازی لە جیهان و ناوچەکەدا، پێبنێنەمەیدانەوە. ئەمە تەنها ڕێگای ناکامکردنەوەی هەرەشەکانی ئیسرائیل و دوورخستنەوەی مەترسی فراوان بوونەوەی جەنگەوە دەبێت.

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**
**کۆتایی نۆڤێمبەری ٢٠٢٤**

# ئۆجەلان لەبەردەم بانگەشەی ئاشتیخوازی ئەردۆگاندا

## عوسمانی حاجی مارف

سەرۆکی پەرلەمانی تورکیا نومان کورتولموش، لە پارتی ئاکەپەی دەسەلآتدار، پشتگیری لە پێشنیازەکەی دەوڵەت باخچەلی کرد، کەسەرۆکی پارتی مەهەپەیە، بۆ چارەسەرکردنی گرژیە لەمێژینەکانی حکومەتی تورکیا لەگەڵ پەکەکەدا.

پێشتر باخچەلی پێشنیاری کردبوو کە عەبدوڵا ئۆجەلان سەرۆکی زینندانیکراوی پەکەکە، لەبەرامبەر ڕاگەیاندنی کۆتایهێنان بە یاخیبونی پەکەکە، لە سزای هەتاهەتایی ئازاد بکرێت. هەروەها بەهەمانشێوە ڕێگەی پێبدرێت لە پەرلەمانی تورکیا قسە بکات، کورتولموش لە بەیاننامەکەیدا جەختی لەو پێشنیارە کردەوە.

وایپێدەچێت پێشنیارەکەی باخچەلی بۆ ئەوە بێت کە هەوڵی بەدەستهێنانی پشتیوانی کوردەکان بدات لە گۆڕینی دەستوور بۆ هەڵبژاردنەوەی ئەردوگان، بۆئەوەی لەلایەک لەئایندەدا ئەردۆگان وەک سەرۆککۆمار هەڵبژێردرێتەوە، لەلایەکی ترەوە ئەنقەرە دەیەوێت بەرەی ناوخۆیی خۆی لەبەرامبەر کاردانەوەی ئەگەری شەڕی ئیسرائیل و ئێران و بارگرژی زیاتری دۆخی ناوچەکە بەهێزتر بکات. هەروەها لەترسی ئەوەی کە ئیسرائیل لەکۆتایدا کاریگەری زیاتر لەسەر پەکەکە دانەنێت، بۆیە هەوڵئەدات بە بانگەوازی ئاشتیخوازی ئەم پرسە بخاتە بەردەم مامەڵەیەکی سیاسیەوە.

لەگەڵ ئەوەی ناوچەکە بەتایبەتی لە سوریا تووشی هەڵچوونێکی بەرچاو بووە، ئەو هەڵچوونەی کە لە ئاکامی هێرشەکانی هەیئەی تەحریری شامەوە، کە نزیکی تورکیان، هەروەها ڕوخانی ئەسەدو هەلآتنی، دۆخێکی تازەی بۆ لایەنە کوردیەکانیش هێناوەتە پێشەوە، ڕەنگە کاریگەری لەسەر خولقاندنی دۆخێکی تر لە ئاڵۆزی دابنێت. ئەم گۆڕانە دەتوانێت ببێتەهۆی ئەوەی زلهێزە جۆراوجۆرەکانی ناوچەیی و جیهانی پەیوەندیەکانیان لەگەڵ لایەنە کوردیەکاندا لەسەر بنەمای

بەرژەوەندیەکانیان بەئاراستەیەکی جیاوازدا بەرن، کە چارەنوسێکی نادیارتر چاوەڕوانیان دەکات، هەر لەم چوارچێوەیەدا دەبینین کورتولموش و باخچەلی و ئەردوگان دەربارەی پێشنیاری ئازادکردنی ئوجەلان بێدەگیان لێکردووەو مامەڵەکەیان ڕاگرتووە.

تورکیا بەئامانجی دەستبەسەرداگرتنی ئەو ناوچانەیە کە لە ڕۆژئاوای فوراتە و تائێستاش لە ژێر دەسەڵاتی هەسەدەدان، لەوانە مەنبەج، تەل ڕیفعەت و چەندانی تر، بەشێک لەنەخشەی ئەردۆگان، بەدوای کۆتایی دەسەڵاتی ئەسەد و دەورەیەکی ڕاگوزەر و نادیار لە دۆخی سوریادا، بەدەستهێنانی فرسەتێکە بۆ تێکدانی ئیدارەی دەسەڵاتی هێزە کوردیەکان، کە پێی دەوترێت باکور و ڕۆژهەڵاتی سوریا.

گەر ئەمەی بۆ چووە سەر، ئەوکات پێشنیارەکەی باخچەلی بۆ ئازادکردنی ئۆجەلان دادەخات، لەهەمانکاتدا لە پرۆسەی لاوازبونی پێگەو نفوزی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ناوچەکەدا، پەکەکە زیاتر دەخاتە ناو کەمینی سوپاکەیەوە.

تورکیا، ڕۆڵێکی سەرەکی بینی لە جموجۆڵەکانی هیئەی تەحریری شام لە حەلەب و ناوچەکانیدا تا کۆتایی دەسەڵاتی ئەسەد، گەر ڕۆڵ و نەخشەی تورکیا نەبوایە هەیئەی تەحریر شام نەیدەتوانی سەربەخۆ ئەو جموجۆڵانە بەو فراوانیە بکات، یا بەردەوام درێژە بە هێرشەکان و دەستبەسەراگرتنی شارەکانی تر بدات و بچێتە ناو شاری دیمەشقەوە.

بەگشتی ئەتوانین بڵێین بەکردەوە تورکیا لەم دەورانەدا سەرکەوتوو بووە لە فریودانی هەموو لایەنەکان، لە هاوپەیمان و نەیارەکانی بۆ گەیشتن بە سێ ئامانجی سەرەکی:

ئامانجی یەکەم: بریتیە لە نەهێشتنی میلیشیا ئێرانیەکان لە سوریا، ئەمەش ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە بەرژەوەندیەکان و دەوری ئەمریکا و ئیسرائیلەوە هەیە، کە دوای حزبوڵلاو حەماس و هەسەدە و بە ئەگەرێکی زۆرەوە دوای یەکلاییبونەوەی دۆخی سوریا، هێزەکانی حەشدی شەعبیش لە عێراق بکاتە ئامانج، کە لەهەمانکاتدا لەم پرۆسەیەدا ڕەنگە لە هەنگاوی داهاتودا حوسیەکانی یەمەنیش بگرێتەوە.

ئامانجی دووەم: بەدوای ڕوخانی ئەسەد، تا ئەوکاتەی دۆخی سوریا ئارام دەبێتەوە و حکومەتێک لە سوریا دادەمەزرێت کە بەئاراستەی بەرگری لە بەرژەوەندی و پەیوەندی لەگەڵ تورکیا بێت، هێزەکانی لە خاکی سوریا ناکێشێتەوە، بۆ ئاسانکاری ئەم پرۆسەیە ڕەنگە تورکیا هەیئەی تەحریر شام لەگەڵ فراکسیۆنەکانی دیکەدا تێکەڵ بکات لەژێر چەترێکی نوێدا بەناوێکی وەک سوپای نیشتمانی ئازادی سوریا، تورکیای پێ بپارێزێت و پێگەی خۆی لەسوریا فراوانتر بچەسپێنێت. هەر لەم ڕێگەیەشەوە ئیدارەی لایەنە کوردیەکان شکست پێبهێنێت.! لەهەمانکاتدا لە پرۆسەی هاندانی گەڕانەوەی پەنابەرانی سووریە لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی تورکیا بۆ ماڵوحاڵی خۆیان، ئەوەی دەبینرێت گەڕانەوەی ئاوارەکان دەستی پێکردووە.

ئامانجی سێیەم: کە گرنگترینە بۆ تورکیە، سنووردارکردنی ڕۆڵی هێزەکانی (هەسەدە)یە لە ڕۆژئاوای فورات وەک هەنگاوێکی پێشوەختە بۆ هێرشکردنە سەر ڕۆژهەڵاتی فورات لە داهاتوودا. ئەم قۆناغە بۆ ئەردۆگان بە چارەنوسساز هەژمار دەکرێت. هەر لەم دۆخەدا کە جموجۆڵەکانی هەیئەی تەحریر سایەی کردووە، دەسەڵاتی ئەسەد کۆتایی هاتوە، بەم شێوەیە تورکیە بەبیانوی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی وڵاتەکەی، تەواوبوونی پرۆژەکەی بۆ داگیرکردنی باکووری سوریا و نەهێشتنی پرسی کورد بە لاوازکردنی ئیدارەی لایەنە کوردیەکان و دەرکێشانی دەوری پەکەکە لەو ناوچانە، مسۆگەر دەکات.

جگە لەوەش ئەردۆگان ڕایگەیاندوە ڕەنگە تورکیا هێرشێکی نوێ لە باکووری سوریا دەستپێبکات بۆ دامەزراندنی ناوچەی پارێزراو بەدرێژایی سنوورەکانی، بەتایبەتی بەدوای ئەگەری کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سوریا. لەهەمانکاتدا ئاڵۆزیەکانی پەیوەندیەکانی نێوان ئەمریکا-تورکیا لە پشتیوانیە درێژخایەنەکانی ئەمریکا بۆ هەسەدە سەرچاوە دەگرێت، لەکاتێکدا هەردووکیان پەکەکەیان خستۆتە ناو لیستی تیرۆرەوە.

پرۆسەی بەناو ئاشتی تورکیا و هەڵوەشاندنەوەی پەکەکە لەم هەلومەرجەدا بەو مانایەی سەوداومامەڵەیەکی سیاسیە و لە نەخشە فروفێڵەکانی ئەردوگان و حکومەتی تورکیایە، ناتوانێت نیشاندانی ئومێدێک بێت بۆ سەقامگیری و چارەسەری پرسی کورد لە تورکیادا.

پلانەکانی تورکیا بەڕوونی ئەوە دەردەخەن کە تورکیا هەنگاوی خێرا بۆ گەیشتن بە ئامانجە فراوانخوازیەکانی دەنێت، بە کەڵکوەرگرتن لەو بارودۆخە شێواوەی ناوچەکەدا، کە لەئاکامی ئەو هێرش و داگیرکاری و ویرانکاریانەی ئیسرائیل لەبەرامبەر دانیشتوانی غەززەو لوبناندا پیادەی کردوەو ناوچەکەی لەبەردەم دۆخێکی تازەی پڕ ئاڵوگۆڕی و ئاڵۆزدا ڕاگرتووە، لە هەمانکاتدا دەخالەت و باڵادەستی ئەمریکای لە ناوچەکەدا بەرجەستەو فروانترکردووە.

گومانی تیا نیە ئەم هەنگاوانەی ئەردوگان بەشێکە لە خزمەت کردن بە بەرژەوەندیە سیاسیەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل لە ناوچەکەدا کەسەرچاوەی خولقاندنی ئەو بارگرژی و کارەساتانەن.

تەماحەکانی تورکیاش وەک هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆ بۆ سەر ئاشتی و سەقامگیری لە ناوچەکەدا کاریگەری زیاتر دادەنێت، کە بەئاشکرا دەستێوەردانەکانی لە ناوچەکەدا بەری پێناگیری، لەهەمانکاتدا لەبەر ڕۆشنایی وەڵام نەدانەوەی بەردەوامی بە مەسەلەی کورد لە تورکیا و بەبیانوی پاراستنی ئاسایشی تورکیا، هێزەکانی لە سوریاو عێراق دەهێڵێتەوە. هەروەها پشتیوانیکردن و پەیوەندیکردن بە ئۆپۆزسیۆنە ئیسلامیە چەکدارەکانی سوریا بە داعشیشەوە دەگرێت و پەتوتری دەکات، ئەمەش مانای مەترسیەکانی دەورو کاریگەری تورکیایە لە ناوچەکەدا، بەتایبەتی بەدوای زیاتر لاوازبونی ڕۆڵی ئێران لە ناوچەکەدا، کاریگەری لەسەر دۆخی عێراق و حکومەتی هەرێم و چونیەتی مامەڵە لە بەرامبەر زۆنی زەردو زۆنی سەوز بە شێوەی جیاواز دادەنێت، لەهەمانکاتدا دەبێتە پشتیوانیەکی بەهێز بۆ سیاسەتی داسەپاندنی پێگەو نفوزی ئیسرائێل لە ناوچەکەدا.

# جیهانێک لە دژی مێ!

جەمال موحسین

**پێشەکییەکی کورت:**

(ئەم بابەتەی بەردەستتان سەبارەت بە ئامارێکی ترسناکە لەسەر ڕێژەی ئەو ژن و کچانەی کە لە ئاستی دنیادا ڕووبەڕووی لاقەکردن و دەستدرێژیی سێکسی بوونەوتەوە. بابەتەکە پێشتر ئامادە کراوە و پەیوەندی بە خودی ڕۆژی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی لە دژی ژنانەوە نەبوو لە کاتی نووسینیدا. بەڵام بەوبۆنەیەوە کە لەو ڕۆژە نزیکبووینەتەوە هەردوو بەشەکەی بەجۆرێک ڕێکخراوەتەوە کە هاوکاتی ئەو یادە بێت و بەمجۆرەش برێک ئەچێتە سەر توندوتیژی بە گشتی و هۆکارەکانی و ئەم کێشەیەش ئەخاتە بەر تیشکی ڕەخنەوە.)

ڕۆژی ١٠ ی ئۆکتۆبەری ئەمساڵ و بەبۆنەی ڕۆژی نێونەتەوەیی کچانەوە، ڕێکخراوی یونیسێف لە ڕاگەیاندنێکی ڕۆژنامەگەریدا بە گوێرەی خەملاندنێک ڕێژەی لاقەکردن و دەستدرێژیی سێکسی بڵاوکردبۆوە. سەرەتای ڕاپۆرتەکە باس لەوە ئەکات کە زیاد لە ٣٧٠ ملیۆن کچ و ژن لە ئاستی جیهاندا (واتە لە هەر ٨ کەس، کەسێک) ڕووبەڕووی لاقەکردن یان دەستدرێژیی سێکسی بوونەتەوە. ئەگەرچی ڕاپۆرتەکە زۆر مەسەلەی جیاجیا ئەوروژێنێت، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە هەر ئەم ڕاپۆرتە ئەڵێ کە ئەگەر شێوازی "بەریەک نەکەوتن"، واتە ئەم جۆرە توندوتیژیە لەڕێی ئینتەرنێت و یان تەنها بە زارەکی بە حساب بهێنرێت ئەوا ڕێژەکە ئەگاتە ٦٥٠ ملیۆن کەس لە ئاستی هەموو جیهاندا. زۆرترینی ئەو کەسانەی کە ڕووبەڕووی ئەم تاوانە بوونەتەوە لە نێوان تەمەنەکانی ١٤ بۆ ١٧ دان! کە ئەمەش وا ئەکات هەم لەو کاتەدا کە ئەم دەستدرێژیەیان ئەکرێتە سەر و هەم دواتریش لە تەواوی ژیانی گەورەساڵییاندا تووشی جۆرەها کێشەی دەروونی و کۆمەڵایەتی ئەبن و ئەم خورپە قوڵ و ڕاتەکانە وەک مۆتەکەیەک تا ماوە هەناسە بە دوایانەوە ئەبێت.

پێشتریش و لە ڕاپۆرتێکی ژنانی سەر بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا کە لە مانگی ٧ ی ئەمساڵدا بڵاوکرایەوە، باس لەوە کرا کە نزیک بە ٧٣٦ ملیۆن ژن (واتە لە هەر ٣ ژن ژنێک) لانی کەم جارێک ڕووبەڕووی توندوتیژی جەستەیی و دەستدرێژی سێکسی لەلایەن دۆست و خۆشەویستەکەیەوە یان کەسی غەیرەوە بوتەوە. ئەوانەشی ئەم ئامارانە ئەیانگرێتەوە لە تەمەنی ١٥ و بەرەوژوورن. وە کەسانێک ناگرێتەوە کە ڕووبەڕووی گێچەڵی سێکسی بوونەتەوە (بە واتایەکی تر ئاماری ئەوان جیاوازە و پێئەچێت بەشێکیان لەوەیاندا حساب کرابن کە لە سەرووتر ئاماژەی پێدراوە و دوای ئەم ڕاپۆرتەیان دەرچووە). ڕاپۆرتەکە هەروەها باس لەوە ئەکات کە لە ساڵی ٢٠٢٢ دا ٤٨٨٠٠ ژن و کچ لە جیهاندا لەلایەن خۆشەویستەکانیان یان دۆستەکانیان یاخود هاوسەرەکانی ئێستا یا هی پێشووتریانەوە کوژراون و ئەم ڕێژەیەش ئەکاتە کوژرانی ٥ ژن یان کچ لە هەر کاتژمێرێکدا لەلایەن کەسانی ناو خێزانەکەی خۆیانەوە! پاشان دێتە سەر ئەوەی کە لە قەیرانە مرۆیی و تەندروستی و کەشوهەواییەکان (لافاو و زریان و...هتد. ) دا ڕێژەی توندوتیژی لە دژی ژنان زیاد ئەکات. شتێک کە جێگەی سەرسوڕمان نییە ئەوەیە لەپاڵ وڵاتانی وەک نیپاڵ کە لە دوای بومەلەرزەکان لە ساڵی ١٩٩٠ وە تاکو ٢٠١٥بازرگانیکردن بە ژنان و کچانەوە لە ٣ بۆ ٥ هەزارەوە بەرزبۆتەوە بۆ ١٢ بۆ ٢٠ هەزار و لە ئەتیوپیا ڕێژەی فرۆشتنی کچانی خوار تەمەنی ١٨ ساڵ بەناوی هاوسەرگیریەوە بۆ دەستکەوتنی خواردن و بژێوی خێزانەکان بەرزبۆتەوە، لە جەرگەی پێشکەوتنی دنیادا لە ویلایەتی میسیسیپی ئەمریکا ڕێژەی لاقەکردنی ژنانی ئاوارەبوو شەش ئەوەندە زیادی کردووە و لە نیوزیلاند لە دوای زریانی کانتربێری (ساڵی ٢٠١١) بە پێی ڕاپۆرتی پۆلیس توندوتیژی خێزانی لە سەدا ٥٣ زیادی کردووە. ئەمە و چەندین ئاماری ترسناکی تر کە ڕاپۆرتەکە نیشانی ئەدات لە بازرگانی کردن بە کچان و ژنانەوە بگرە تا ناچارکردنیان بە لەشفرۆشی و تا هاوسەرگیری منداڵان و شێوازەکانی خەتەنەکردن و تا توندوتیژی و گێچەڵ کردن بە ژنان لە ناو کۆمەڵگادا بە گشتی و شێوازەکانی توندوتیژی لەڕێی ئینتەرنێتەوە...هتد. لە نوێکردنەوەیەکی ئامارەکانی ئەمساڵدا هەمان دەزگای سەر بە نەتەیەکگرتووەکان، ڕێژەی کوشتنی ژنانی بە ٥١١٠٠ خەملاندووە لە ساڵی ٢٠٢٣ دا واتە نزیک بە ٦ ژن لە هەر کاتژمێرێک و لە هەر ١٠ دەقیقەدا ژنێک کوژراوە! باقی ژمارەکانی تری ناو ئەم ئامارە تازەیە بە نزیکەیی وەک هەمان ئەوانەیە کە لەسەرووتر ئاماژەم پێداون. (بۆ خوێنندنەوەی هەرسی ڕاپۆرتەکە سوود لەم لینکانە وەربگرە کە بە زمانی ئینگلیزیە:

https://www.unicef.org/press-releases/over-370-million-girls-and-women-globally-subjected-rape-or-sexual-assault-children

https://www.unwomen.org/en/articles/facts-and-figures/facts-and-figures- ending-violence-against-women

https://www.unwomen.org/en/articles/facts-and-figures/facts-and-figures- ending-violence-against-women

ئەم نمونانە پێمان ئەڵێن کە دۆزەخ و سووتانی ڕاستەقینەی ژنان لێرەیە، لەم

گۆی زەویە. ئەگەر ئەم جیهانە جارێک دژی هەموو مرۆڤ بێ و دەستاری هارینی ژیانیان بێ، ئەوا چەند قات وەک ئاشێکە و نەک تەنها لە ساڵدا، بگرە لە مانگ و هەفتە و ڕۆژ و کاتژمێر و بگرە خولەکیشدا لاشەی ژنان و کچان ئەهارێت. بۆیە جێی خۆیەتی بپرسین ئەم هەموو توندوتیژیە لە دژی ژنان بۆچی؟ ئەگەر لە وڵاتانێکی ژێردەستە و داگیرکراو و خاپورکراو بە جەنگدا ژنان و منداڵان و بە تایبەت مناڵانی مێ ئەبنە قوربانی یەکەم، ئەگەر لە وڵاتانێکی بەناو تازەپێشکەوتوودا زۆرترین ڕادە و ڕێژەی قوربانی دژی توندوتیژی تۆمارئەکرێ، بەڵام بۆچی لە جەرگەی دنیای پێشکەوتوو و دیموکراسی و بەناو مافی مرۆڤدا هێشتا ئاماری ترسناک لە دژی ژنان هەیە؟ ئاخر خۆ بزووتنەوەی (می توو Me Too)لە ئەمریکا و وڵاتانی پێشکەوتوودا سەریهەڵدا لە دژی دەستدرێژی سێکسی و گێچەڵپێکردن لە شوێنی کار و شوێنە گشتیەکاندا، خۆ لەم وڵاتانەدا سەرکوتکردنی سێکسی (کبت الجنسی) بوونی نییە! ئەی هەموو ئەو ڕووداوانەی کە بە پەنهانی لە دەسەڵات و پۆلیس و خودی خێزان و دامودەزگایەک ماوەتەوە و ناچنە چوارچێوەی ئەم ئامارانەی دامودەزگاکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکانەوە لە کوێدا جێیان بۆ ئەکرێتەوە؟ ئەم هەموو توندوتیژی و سەرئەنجام دۆزەخە ڕاستەقینەیە بۆ ژنان و مێینەکان بۆ؟ ئەم وتارە هەوڵ ئەدات گەر بە کورتیش بێت سەرنجێک لەم پرسیار و مەسەلانە بدات. هاوکات خودی ئەو پێشنیارانەش بخاتە ژێر پرسیارەوە کە لەلایەن دەزگایەکی وەک نەتەوە یەکگرتووەکان و پێکهاتەکانیەوە لە پەیوەند بەم کێشانەوە ئەخرێنە ڕوو.

کۆمەڵگەی چینایەتی سەرمایەداری خۆی سەرچاوەی گەورەترین و نارەواترین توندوتیژیە لە فۆرمە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوریەکەیدا و سەرئەنجام تەندروستی و دەروونیەکەیدا. چینێکی فراوان و زۆرینەی کۆمەڵگا بەزۆر و ناچاری، بە ڕووپۆشی ''ئازادانە''وە خراوەتەوە بازاڕی کارەوە و ناچار بە فرۆشتنی هێزی کاری کراوە کە ئەم زۆرینەیە هەرچی بەرهەمی مادی و کۆمەڵایەتی و خزمەتگوزاری هەیە بەرهەمی ئەهێنێت، بەڵام خۆی لێ بێبەشە. زیادە لە کاری ئەم زۆرینەیە بەناوی زێدەباییەوە ئەبێتە قازانجی زیاتر و سەرمایەی کەڵەکەبوو بۆ کەمینەیەک تەنها لەبەرئەوەی خاوەنی هۆکانی بەرهەمهێنانن. واتە چینێکی زۆرینە ئەبێ کار بکات و چاویشی لەسەر بەرهەمەکەی خۆی نەبێت کە بۆ خۆی و منالەکانی بێت، لە کاتێکدا ئەبینێ کەمینەیەک لەسەر کێویک لە بەرهەمەکانی ئەم دانیشتووە، ئیتر ئەمە بەهێزترین و زەقترین شێوازی توندوتیژیە. جا چینی باڵا دەست ، کە کەمینەکەیە، بە هێز و سوپا و زیندان و جۆرەها دامودەزگای توندوتیژیش ئەم جێگەورێگە چینایەتیە، باڵا بۆ خۆی و ژێردەستە بۆ ئەوی دی، ئەپارێزێت. بە واتایەک توندوتیژییەکی ڕێکخراو و دەوڵەتی، ڕەوایەتی پێدراو و یاسایی بەڕێوە ئەبات.

بێگومان لەنێو هەر ئەم چینەی زۆرینەدا ڕەگەزێکی تر کە ژنانە، چەوسانەوەیەکی زیاتری لەسەرە. ئەو لەسەریەتی چ بەرپرسی بەرهەمهێنانەوە (reproduction)بێ و چ وەک کرێکارێکی بێماف هەم کاری ماڵەوەش ئەنجام بدات و هەمیش وێل بێت بەدوای کارێکدا کە بەرهەمی ڕەنج و ماندووبوونەکەی بۆ خاوەنی هێزەکان و ئامێرەکانی بەرهەمهێنانە. بەمجۆرە ژنانیش ئەچنە چوارچێوەی ئەم توندوتیژیە گشتیەوە. بەڵام کار هەر بەمەوە ناوەستێ! پیاوێکی کرێکاری تورە و نارەحەت، پیاوێکی کرێکار کە ماندووی دەستی ئەو چەوسانەوە و توندوتیژیە چینایەتیەیە، چ بە ئیرادە و چ لائیرادی، چ ئاگایانە و چ بێئاگایانە، ئەو توندوتیژیە لە خێزاندا ئەنجام ئەداتەوە. کە ئەمە ئەتوانێ لە فۆرمی لێدان و توندوتیژی جەستەییدا بێت لە دژی هاوسەر و منالەکانی بە نێر و مێوە، یاخود ئەو بێدەسەڵاتی و ''هیچ کەسی''یەی لە کۆمەڵگەدا بەسەریدا سەپێندراوە لە شێوازێکی تردا و بەشێوەی توندوتیژی نواندن ڕەنگ ئەداتەوە. بۆیە لێرەدا کاتێک سەیری دەوڵەت وەک ئامێرێکی چینایەتی بکەین بۆ پاراستن و سەپاندنی ئەو هەلومەرجە ئابوری و کۆمەڵایەتیە چینایەتیەی چەوسانەوەی زۆرینە ئەسەپێنێ، ئەبێ یاسا و فەرهەنگ و نەریتێکی کۆمەڵایەتیش بەرەوپێبدات کە ئەو توندوتیژیە چینایەتیە بپارێزێ. هەر ئەمەش شێوازەکانی تری توندوتیژی لەبواری کۆمەڵایەتی و خێزانی و هەتا شەخسیدا بەرەو پێئەدات و تەشەنە ئەکات.

بەم لێکدانەوەیەوە سەیر نییە، خاوەنکارێک جگە لەوەی چاوی لەوەیە هێزی کاری کرێکارێکی مێینە بمژێ و بیکات بە سەروەتی کەڵەکە بوو، جەستەشی بکاتە نێچیرێکی بەچەترسێنکراو و بە لاقەکردنی ملشۆڕی زیاتری چەوسانەوە چینایەتیەکەی بکات. ئیتر ئەمە شۆڕ ئەبێتەوە بۆ پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان و وەک نەریتێکی باو دۆست و خۆشەویستیش خۆیان بە مۆڵەتپێدراو ئەزانن کە ئەگەرچی ژن یان کچە هاورێکانیان نەیانەوێ و مەیلیان لە جووت بوون نەبێ، لاقەیان بکەن، یان گێچەڵی سێکسیان پێبکەن و جۆرێک لە دەستڕۆیشتوویی بەسەریاندا بنوێنن. بەڵام بۆچی کاتێک پۆلیس و دەوڵەت بەم مەسەلانە ئەزانن خوێنساردانە و بێباکانە مامەڵە ئەکەن؟ بۆچی ئایا ئەوەندە پارە و ئیمکانیات و هێز و دامودەزگایان لەبەردەستا نییە پێش بەم توندوتیژیانە بگرن و''داکوکی'' لە ژنان و کچان بکەن؟ بەڵێ زۆر بە زیادەوە هەیانە، بەڵام ئەوان پارێزەری ئەو سیستەمەن کە پێویستی بەوە هەیە ژنان و کچان ژێردەستە و ژێرچەپۆک و بگرە مرۆڤی ناخ و دەروون شکاو بن تاکو مرۆڤەکان یاخی نەبن و شۆرش نەکەن و ئەو سیستەمەیان لێ تێکنەدەن کە سەرچاوەی پارە و سەروەتە بۆ ئەوانی کەمینە و

نەهامەتی و توندوتیژیش بۆ چینی کرێکاران بە ژنان و و پیاوانەوە. سیستمێک کە بێباکە لەوەی لە هەر کاتژمێرێکدا ژن یان کچێک بکوژرێ، سیستمێک کە بێباکە لەوەی لە هەر ٨ ژن ژنێک لاقەبکرێ (جگە لە ژمارە شاراوەکان)، سیستمێک کە ژنانێکی کرێکار لە حەوزەی هەرزانی ئاسیای دوور و ئاسیای ڕۆژهەڵات و بەرازیل و ئەمریکای لاتین و کەمبۆدیا و ...هتددا ناچار بە کاری ڕۆژانەی بەرامبەر بە ١ و ٢ دۆلار کردووە و خانووی تەنەکەی ژەنگاوی و نایلۆن و جەمەلۆنی کردووە بە شوێنی ژیان و حەوانەوە و شیردان بە منداڵەکانیان، ئیتر ئەوە خودی ئەو سیستمەیە کە توندوتیژە و تا سەر ئێسقان دژە ژنە. سیستمێک کە لە بانگەشەی هەڵبژاردنە دیموکراسیەکەیەوە ئەوپەڕی سوکایەتی بە ژنان ئەکات و بەربژێری سەرۆکایەتیەکەی تۆمەتبارە بە پەیوەندی ژێربەژێر بە لەشفرۆشەکانەوە تا نهێنیەکانی بۆ بپارێزن، سیستمێک کە جۆرەها جەنگی بەرپاکردووە و لە جەرگەی موشەکبارانەکانیشدا خەیاڵی لای لاقەکردنی ژنانە، ئیتر سیستمێکی داڕزیو و دژە ژن و بێفەڕە کە نە بە ڕاپۆرتەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان مەلەفی ڕەشی سپی ئەبێتەوە و نە ئەشتوانێ و ئەیەوێ چارەسەرێک بەرامبەر بە توندوتیژی دژی ژنان چ جەستەیی و چ دەرونی و مەعنەوی بدۆزێتەوە. سیستمێک کە خۆی داڕزیوە و پایەی لەسەر چەوسانەوەی ئینسان بۆ کاری بەکرێ داناوە، پێویستی بە دابەشکردنی ئینسانەکانە لەسەر بنەمای ڕەگەز و جۆرەها ناو و شوناسی ساختەی تر، پێویستی بە دابڕاندنی هێزی کاری کۆمەڵگەیە بە ژن و پیاوەوە، بە نەتەوە و ڕەگەزی جیاوە، بە ئاین و ئینتمای ترەوە، هەربۆیەشە لەپێناو بەیەکدادانی ئەم بەشە جیاکراوانە پێویستی بە توندوتیژی هەیە.

**ماویەتی.......**

# کێشەی کوردستانی سوریا
# لەناو کێشەیەکی گەورەتردا؟

**نوری بەشیر**

ئەوەی لەسوریا روویدا بەپێی ڕێکەوتنێکی پێشوەختەی ئەمریکا، تورکیا و روسیا و هەروەها لەرێگای تورکیاوە لەگەڵ هەیئەی تەحریری شام بۆ لابردنی بەشار ئەسەدو ماوەنەوەی پاشماوەی دەسەڵاتەکەیەتی بەهاوبەشی لەگەڵ ژمارەیەک گروپ و حزبی ئیسلامی و قەومی کۆنەپەرست، لەسەریانەوە هەیئەی تەحریری شام، واتە رژێمێک نەڕووخاوە، بەڵکو لەچوارچێوەی بەرنامەو بەرژەوەندیەکانی وڵاتانی زلهێزی سەرمایەداری جیهانی؛ ئەمریکاو روسیا لەلایەک و وڵاتانی تری کۆنەپەرست و سەرکوتی سەمایەداری ناوچەکە لەوانە؛ تورکیاو ئیسرائیل، ساتوسەودایەک بەڕێخراوە؛ بەشار ئەسەد لابراوەو گوێزراوەتەوە بۆ وڵاتی روسیا و بە هێنانەپێشەوەی هێزێکی کۆنەپەرست بەسەرکردەیەکی پێشینە داعش و قاعیدەی وەک محەمەد جۆلانی، کە قەرارە لەلیستی تیرۆری ئەمریکادا دەربهێنرێت بۆبردنەپێشەوەی ئەو بەرنامەیەی کە دایانناوە بۆ سوریاو لەوێوە بۆ نەخشەیەکی گەورەتر لەناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، کەبەرژەوەندیەکانی ئەو هێزانە بپارێزێت.

لەگۆڕانکاریەکی وادا، بەمانەوەی بەشێکی زۆری دامودەزگاکانی حکومەتەکەی بەشار ئەسەد، وەک سەرۆک وەزیران محەمەد غازی جەلالی و بەشێکی زۆری تری وەزیران و سەرانی دامودەزگا سەربازی و ئەمنیەکان، بەڵام ئەمجارەیان لەژێر دەسەڵاتی جۆلانیدا، هەنگاوێکی سەرەتاییە بۆ جێگیرکردنی دەسەڵاتی نوێی هێزێکی ئیسلامی لەسوریا کە تەجروبەیەکی باشیان لە پێشڕەویی و شکستی هێزە ئیسلامیەکانی پێشوو و لەپەیوەندیەکانیان بە ئەمریکاوە وەرگرتووە تا بەهێزکردنی دەسەڵاتیان. ئەم ئاڵوگۆڕانە لەقسەکانی محەمەد جۆلانیدا زۆر بە ئاسانی هەستی پێدەکرا لە چاوپێکەوتنی لەگەڵ سی ئێن ئێن دا، بەڵام رۆژی گواستنەوەی بەشار ئەسەد بۆ مۆسکۆ لە ٨ی دیسەمبەردا کە لە وتارەکەی لە مزگەوتنی ئەمەوی لە دیمەشق، چووەوە سەر ئەسڵەکەی خۆی وەکو سەرکردەی هێزێکی ئیسلامی و داعشی و قاعیدەیی.

قوربانیەکانی ئەم ساتوسەدایەی ئیسلامیەکان و باقی هێزە کۆنەپەرستەکان و پەیوەندیەکانیان لەگەڵ ئەمریکاو وڵاتانی کۆنەپەرستی ناوچەکە، لەپێشیانەوە تورکیاو ئیسرائیل، خەڵکی مەدەنی سوریاو کوردستانی سوریا و ناوچەکەیە. کەواتە لەم لابردنەی بەشار و هێنانی هێزی ئیسلامیەکاندا، لەسەر ئەساسی بەرژەوەندیەکانی ئەو هێزانەدا، ئەوا خەڵکی جارێکی ترو بەشێوەیەکی دیکە دەکەونەوە بەردەم پشێوی و هەڕەشەی ئەم هێزە نوێیانە لەژێر ناوی روخانی دەسەڵاتی ٥٤ ساڵەی بەشار ئەسەدی دیکتاتۆردا. واتە هاوکاتی سەرکوت و ترساندن و دروستکردنی فەزای شەڕوپێکدادانی هێزەکان لەسوریادا؛ ئەمریکا لەژێرناوی دژایەتی تیرۆر کە بەحساب مەبەستی داعشە، لەسوریا دەمێنێتەوە. تورکیا لەژێرناوی دژایەتی تیرۆر هێرشەکانی بۆناوچە کوردیەکانی باکوری سوریا درێژەپێدەدات کە هێزەکانی یەپەگەو قەسەدەی لێیە. ئیتر هێزە ئیسلامیەکانی تری سەر بە جۆلانی لە سبەینێیەکدا هێرشەکانی لەژێرناوی بەرگری لەدینی ئیسلام، دژی جیاوازیخوازی، دژی ژن و بێدینی، توندەکاتەوەو ئەوکات تورکیاو ئیسرئیل و ئەمریکاش ئەمە بەڕەسمی دەناسن بۆی وەک مەسەلەی

ناوخویی سوریاو هەروەها بۆ ئەمن و ئاسایش و یەکپارچەیی خاکی سوریا لەقەڵەمی دەدەن. کاریگەرییەکانی ئەمەش بۆناوچەکە لەچوارچێوەی سیاسەت و بەرژەوەندی ئەمریکاو تورکیاداو ئیسرائیلدا دەبەنە پێشەوە.

لەیەکەم رۆژی راگەیاندنی جێهێشتنی دیمەشق لەلایەن بەشار ئەسەدەوە، ئیسرائیل لە باشورەوە بەرزاییەکانی جۆلانی تێپەران و نزیکەی ١٤ کیلۆمەتر هاتۆتە ناوخاکی سوریاوە. تورکیاش لەباکوری سوریاوە هێرشی کردۆتەوە سەر ناوچە کوردیەکانی ژێر دەسەلاتی قەسەدە. لەئاوا هەلومەرجێکدا جێگاورێگای کوردستانی سوریا، کە جێگایەکە بۆ بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا و لەژێرناوی ئەوەی کوردەکان هاوبەشمانن، بەرەو کوێ دەڕوات، ئایا دەکرێت ئەم پەیوەندیە لەوەباشتر بێت کە لە ١١ ساڵی رابردوودا راگیراوە کە بەرژەوەندیەکانی ئەمریکای تێداچووەتە پێشەوە و پارێزراوە، ئایا ئایندەی خەڵکی کوردستانی سوریا لەناو گێژاو و سەرگەردانی و ئایندەی تاریکی ژێر دەسەلاتی هێزە دینی و قەومیە کۆنەپەرستەکانی سوریادا بەرەو کوێ دەڕوات و رێگای پارێزگاری لەخەڵکی ئەم ناوچەیە و ئایندەی چۆن پارێزراو دەبێت؟.

سەرەتا دەبێت ئەو هێزو حزبە کوردیانەی کوردستانی سوریا کە ماوەیەکە سیاسەتی خۆیان گرێداوەتەوە بە بەرژەوەندیەکانی ئەمریکاوە لە سوریادا، ئەوە بزانن کە دۆخی سیاسی و ئەمنیی داهاتووی سوریا بەجۆرێک گۆرانکاری بەسەرداهاتووە کە دوورنیە ئەمریکا لەپێناو بەرژەوەندیەکانی خۆیدا لەگەڵ تورکیا لە ناوچەکە و لە سوریادا هەمان ئەزمونی هێنانەوەی تاڵیبان لەلایەن ئەمریکاوە بۆ گیانی خەڵکی ئەفغانستانیان دوبارە نەکاتەوە. یان وەکو چۆن لە پرۆسەی ریفراندۆمی کوردستانی عێراقدا پشتی کردە ناسیۆنالیستە کوردەکان لەبەرخاتری تورکیاو عێراق و دەستی حەشدی شەعبی و ئێرانی ئاواڵەکرد بۆ هێرشکردنە سەر کوردستان. بێگومان لەهەلومەرجێکی ترسناکی وادا کە خەڵکی سوریاو ناوچەکە لەژێرسایەی بەرژەوەندیەکانی ئەو هێزانەدا دەدرێتە دەستی دەسەلاتێکی ئیسلامی وەک هەیئەی تەحریر شام، سەرباری هەر ئاڵوگۆڕێک کە لەناوەکەیدا دەیکات، ناکرێت هیچ چاوەڕوانیەک و خۆشخەیاڵیەک بە ئایندەیەکی باش بۆ خەڵکی سوریا بەگشتی و خەڵکی کوردستانی سوریا چاوەڕوان بکرێت.

ئەوەی لە راگەیاندنی ژمارە یەکی ئەو هێزانەدا هاتووە کە ناوەرۆکەکەی بڕیاری٢٢٥٤ی جنێفە بۆچارەسەری کێشەی سوریا کە لە کۆبوونەوەی سێ قوڵی وڵاتانی؛ روسیا، تورکیاو ئێران لە دۆحە، تەئکیدی لێکراوە، هیچ شتێک نیە جگە لەچاو بەست و فریوکاری و دەیانەوێ روو بەجیهان بڵێن کە چارەسەری شەڕی ناوخۆی سوریا و دامەزراندنی ئارامی سیاسی و حکومەتێکی جێگاپەسەندی خەڵکیان مەبەستە! بەڵام راستی ناوەرۆکی خاڵەکانی ئەم راگەیاندنە ئەگەرچی ئیشارە بە بەشداری هەموو پێکهاتەکان دەکات، بەڵام هیچ جێگاورێگایەکی تایبەتی بۆ مافەکانی خەڵکی کوردستانی سوریای تێدا نیەو ناشبێت، بەتایبەت کە لەخاڵی یەکەمیدا باسی یەکپارچەیی خاکی سوریا دەکات.

ئەم فەزا ترسناکەی سوریا دەرگا بەرووی جۆرەها گروپ و دەستەجاتی ئیسلامی و قەومی کۆنەپەرستدا دەکاتەوە لەسوریا کەنوێنەرایەتی بەرژەوەندیەکانی وڵاتەجۆراوجۆرەکان بکەن و ببنە هۆی شەڕو کوشتارو ماڵوێرانی بۆخەڵکی سەراسەری سوریاو خەڵکی کوردستانیش، ئەگەر خراپتر نەبن ئەوا هەمان چارەنوسیان دەبێت و ئەگەری ئەوەش هەیە کە ناوچەکەش بگرێتەوە.

بەتایبەتی ئەوەی کە هێزە جیهانی و ناوچەییەکان و سەرجەم میدیا بۆرژوازیەکانیان لەدەورەی ٢٧ی نۆڤەمبەر تا ٨ی دیسەمبەر، رۆژی گوێزانەوەی بەشار ئەسەد بەشێوەی نهێنی بۆ روسیا، هێزی هەیئەی تەحریرزی شامیان بەجۆرێک گەورەکرد، کە ئەبو محەمەد جۆلانی بوو بەبەرێز ئەحمەد شەرع و لە میدیاکانەوە گەورەیان کرد، پاشەکشەکانی هێزەکانی بەشار ئەسەد لە ناوچەکان و گرتنی لەلایەن هێزەکانی تەحریری شامەوە گەورەکران و بە دەستکەوت و پێشڕەوی ئەم هێزە بەدنیایان ناساند! لەکاتێکدا ئەم هێزە ئیسلامیە ئامادەکراوە دەورێکی وای نەبوو، هەمووی سیناریۆی پێشوەختەی ئامادەکراو بوو. ئەم هێزە جیا لە رابردویەکی رەش، شتێکی تری نەبووە. بەڵام بۆ یەکجاریش هێزەکانی یەپەگەو قەسەدەیان وەکو هێزێکی کاریگەری لەسەر گۆرەپانی سوریا لە دژایەتیکردنی تیرۆرو داعش باس نەکرد، ئەمەش دیارە کە بۆ رازیکردنی تورکیایەو هەروەها نیشانەی زاڵبوونی سیاسەت و دەوری تورکیایە لەم ئاڵوگۆرانەو دەوری لە داهاتووی سیاسی سوریادا!.

ئەوەی لەبەردەم ئەم خەڵکی کرێکارو کەمدەرامەتی سەراسەری سوریادا و هەموو ئەو هێزانەدا خۆی بەرجەستە دەکات کە ئایندەیەکی رۆشن و یەکسان و ئینسانی بۆ کۆمەڵگای سوریا ئامانجی خەباتیانە، ئەوەیە کە لە دەرەوەی سیاسەت و ئەجێندای هەموو ئەو لایەنە جیهانی و ناوچەییەنادا دەست بۆ گۆرانکاری لە ژیان و گوزەران و لە ئایندەی دەسەلاتی سیاسی ئەو وڵاتەدا بەرن. دەبێت خەڵکی سوریا چاوی لە پشتیوانی خەڵکی ئازادیخوازی جیهان بێت نەک لە ساتوسەودای دەوڵەتانی ئیمپریالیستی و بۆروازیی ناوچەیی و هێزە کۆنەپەرستە نەتەوەیی و ئیسلامیەکان... ئەرکی خەڵکی ئازادیخوازی دنیاو بزوتنەوەی کرێکاری و سۆشیالیستی و کۆمۆنیستیە کە لەپاڵ خواستە رواکانی خەڵکی سوریادا بوەستنەوە بۆ ئایندەیەکی یەکسان و ئازاد و خۆشگوزەران... دوور لە شەڕ و کارەسات و تەدەخولی سیاسی و سەربازی و ئەمنی دەوڵەتانی بۆرژوایی جیهانی و ناوچەیی!

# مەنسوری حیکمەت؛ سەبارەت بە دیموکراسی

## لە نامیلکەی "دیموکراسی، تەعابیر و واقعیاتەکان" ەوە وەرگیراوە

بڵاوکراوەی ئینتەرناسیۆنال لە مەنسوری حکمەت دەپرسێ: تێگەیشتن و لێکدانەوەی جۆراوجۆر لەسەر دیموکراسی هەیە، لە ڕوانگەی ئێوەوە دیموکراسی چییە؟

**مەنسوور حیکمەت بەمجۆرە وەڵام دەداتەوە:**

پێمواننییە مەبەستتان ئەوە بێت کە من لێکدانەوەیەک لەسەر دیموکراسی "واقیعی" و "ڕەسەن" بەدەستەوە بدەم. دیموکراسی لە سیستەمی فیکری مندا وەک کەسێکی سۆسیالیست و مارکسیست، دەستەواژەیەکی بناغەیی نییە. ئێمە قسە لە ئازادی دەکەین. بۆ ئێمە ئەمە دەستەواژەیەکی بنەڕەتییە، وەلێ دیموکراسی، هەر وەک پێشووتریش باسم کردووە، لێکدانەوەیەکی چینایەتی تایبەت و تێگەیشتنێکی مێژوویی دیاریکراوە لە چەمکی فراوانتری ئازادی. دیموکراسی دەستەواژەیەکە کە بەشێکی دیاریکراوی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لە سەردەمێکی دیاریکراوی مێژووییدا لە ڕێگای ئەم دیموکراسییەوە چەمکی فراوانتری ئازادی لەقاڵب داوە. کەواتە تێگەیشتنی من لە دیموکراسی تەنها دەتوانێ تێگەیشتنێکی بابەتی و مێژوویی بێت. کەسێکی لیبراڵ یان دیموکرات، کەسێک کە دیموکراسی یەکێکە لە ئاوات و ئامانجەکانی، دەتوانێ لێکدانەوەیەکی "داخیلی" و زاتی لە بارەی ئەم دەستەواژەیەوە بە دەستەوە بدات، دەتوانێ ئەوە ڕوون بکاتەوە کە لە ڕوانگەی ئەوەوە دیموکراسی واقیعی چییە و چی نییە. بەڵام بە ڕای من کەسێکی مارکسیست دەبێ مانای مێژوویی و پراکتیکی دیموکراسی و کارکردە کۆمەڵایەتییەکەی باس بکات. دیموکراسی، نەک وەکوو زاراوەیەک لەم یان لەو کتێبی گوندا، بەڵکە وەکوو ڕاستییەک کە خەڵکی کۆمەڵگای هاوچەرخ لەگەڵیدا ڕووبەڕوو بوونەوە، بەرئەنجامی سەرهەڵدانی سەرمایەدارییە. دیموکراسی تێڕوانینی بۆرژوازییە بۆ مەسەلەی ئازادی. بە هیچ جۆرێک مەبەستم ئەوە نییە کە تەنها یەک جۆرە تێگەیشتن لە دیموکراسی هەیە و لەڕووی مێژووییەوە تەنها بۆرژوازی خوازیاری دیموکراسی بووە، وە یان لێکی داوەتەوە. بە پێچەوانەوە، بە تایبەت بە درێژایی ژیانی دوو نەوەی ڕابردوو، دیموکراسی لە زۆر حاڵەتدا خواستی چین و توێژە ژێردەستەکان بووە و لە لایەن بیریاران و بزاڤەکانی ئەم چین و توێژانەوە بە شێوەی جۆراوجۆر لێک دراوەتەوە و ڕوون کراوەتەوە. بەڵام ئەمە ئەوە دەرناخات کە ئەم چەمکە بۆرژوایی نییە، بەڵکوو بە پێچەوانەوە دەسەڵاتداریێتی ئایدیۆلۆژی و ترمینۆلۆژیی بۆرژوایی بەسەر خەبات لە پێناوی ئازادی و ڕزگاریدا



نیشان دەدات. کۆمەڵگای بۆرژوایی توانیویەتی چەمکی دیموکراسی بخاتە جێگای ئازادی و ئازادیخوازی و بەم جۆرە سنووری کۆتایی هێرشی ئازادیخوازانەی چینە ژێردەستەکان و شێوەی کۆتایی سەرکەوتنی ئەوان لە پێشدا دیاری بکات. ئێوە بۆ ئازادی دەجەنگن و دوای "سەرکەوتن" پەرلەمان و "پلۆرالیزم" بەدەست دێنن.

بوونی تێڕوانینی جیاجیا بۆ دیموکراسی، تەنانەت تێڕوانینی چینایەتی جیاجیا، ئەم چەمکەی کردۆتە یەکێک لە ئاڵۆزترین و نارۆشنترین چەمکەکان لە فەرهەنگی زاراوە سیاسییەکاندا. بزووتنەوە و سیاسەتمەدارە جیاجیاکان، بە ئامانج و بەرژەوەندیی جیاواز و جاروبار دژ بەیەکیشەوە قسەیان لە دیموکراسی کردووە و دەکەن و بێگومان مەبەستیشیان یەک شت نییە. هەلومەرجی سیاسیی جیاجیا لە لایەن ڕەوتە جیاجیاکانەوە بە دیموکراسی ناوبراوە. هەر لە دەربڕینە دژی کۆمۆنیستی و جەنگی ساردییەکانەوە، تا دەگات بە لێکدانەوە مرۆڤدۆستانە و حەقخوازانەکان، وجوودیان بووە و هەیە. لە پشتی ئەم هەموو لێکدانەوانەوە دەکرێ ناوەڕۆکی هاوبەش و بابەتیی دیموکراسی و دیموکراسیخوازی کە ئەو بە هەموو شێوەکانییەوە، بۆ نموونە لە سۆسیالیزم و ئازادیخوازی سۆسیالیستی جیا دەکاتەوە، بناسین و پێناسە بکەین. بەڵام لە مەیدانی سیاسیدا خودی چەمکی دیموکراسی، هەر بەم شێوە گشتییەی، شتێکی ئەوتۆ ڕوون ناکاتەوە و هیچ کۆمەکێک بە جیاکردنەوەی بزووتنەوە و ڕەوتە کۆمەڵایەتییەکان ناکات. لەبەر ئەوە پاش ئەوەی ئەو سیفەت و پاشگر و پێشگرانەی کە دەخرێنە پاڵ دیموکراسی، ئینجاکە ئەم وشەیە مانایەکی ڕۆشنتر پەیدا ئەکات. وەک دیموکراسی لیبراڵی، دیموکراسی خەڵک، دیموکراسی پەرلەمانی یان نوێنەرایەتی (representative)، دیموکراسی ڕاستەوخۆ، دیموکراسی ڕۆژئاوا و شتی تر. ئەم زاراوانە لەڕووی سیاسییەوە بە تەواوی زانراوە و دەکرێ پێناسە بکرێن و جیاوازییەکانیان و لە زۆر حاڵەتدا دژایەتییەکانیان ڕوون بکرێنەوە. هەروەها ئەو بزووتنەوە و هێزانەش کە لایەنگری هەر یەکێک لەمانەن دەکرێ دیاری بکرێن و لە زۆربەی حاڵەتەکاندا بە تەواوی دەکرێ لێک جیابکرێنەوە.

★